رێکخراوی ئاشتی و ئازادی

بەرنامە بونیادنانی ئاشتی

# کەرتی داد و ململانێ: نموونەی ناوچە جێناکۆکەکانی کەرکوک و دەشتەکانی نەینەوا


توێژەران

عبدالسميع محمد

کامەران پاڵانی



2021

## ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی:

ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی ڕێکخراوێکـی نـا حکومـی قازانـج نەویسـتە کـە لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان کاردەکات بـۆ پاراسـتنی مـاف و ئازادیـەکان بـۆ دڵنیابـوون لـە پێکـەوە ژیانـی ئاشـتیانە لـە ڕێـگای بەهێزکردنـی متمانـە و هـاوکاری لـە نێـوان پێکهاتـە جیاوازەکانـی کۆمەڵـگا و پاڵپشـتیکردنی و گەشـەپێدانی سیاسـەتی دامـەزراوە حکومـی و ناحکومیـەکان بـۆ مسـۆگەرکردنی مـاف، ئـازادی، دادی کۆمەڵایەتـی بەپێیـی پێـوەرە نێودەوڵەتیـەکان.

## پرۆژەی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە پرۆژەیەکـە کـە ڕێکخـراوی ئاشـتی و ئـازادی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ ڕێکخـراوی Search for Common Ground و بـە پاڵپشـتی دارای the U.S. Department of State, Bureau of Democracy, Human Rights, and Labor (DRL). جـێ بەجێـی دەکات .

ڕێکخراوی Search for Common Ground و DRL بەرپرس نین لە ناوەڕۆکی ئەم دۆکیومێتە.

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پووختەی جێبەجێکاری | 4 |
| پێشەکی | 6 |
| کەرکوك | 9 |
| حەمدانیە و تلکێف | 12 |
| میتۆدۆلۆژی | 13 |
| دەرەنجام و شیکردنەوە | 16 |
| دۆخی ناکۆکی و کەرتی داد | 18 |
| ژنان و کەرتی دادپەروەری | 27 |
| پێوانەکردنی متمانە لە کەرتی داد | 33 |
| ڕاسپاردەکان | 37 |
| سەرچاوەکان | 39 |

## پووختەی جێبەجێکاری

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی داتا و شیکردنەوەیەکی هەمەگیرە بۆ چۆنیەتی کاریگەری جێناکۆکبوونی کەرکوک و دەشتی نەینەوا (قەزاکانی حەمدانیە و تلکێف) لەسەر کاری کەرتی داد، بە تایبەت دادگا و پۆلیس. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیکردنەوەیەکی ورد، پشتبەستوو بە بەڵگە و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ ئەزموون و تێڕوانین و کارلێکی خەڵک و کۆمەڵگا لەگەڵ سیستەمی داد لە ناوچە جێناکۆکەکان بکات. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە هەوڵدەدات پێشنیازی پۆلەسی و کرداری بۆ سەرخستنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی پێشکەش بکات. ناوچە جێناکۆکەکان پارێزگای کەرکوک و سێزدە قەزا و سێ شارەدێ لە پارێزگاکانی نەینەوە و دیالە و سەلاحەدین دەگرێتەوە.

کاریگەری ناوچە جێناکۆکەکان لەسەر کەرتی داد گرنگی پێویستی پێنەدراوە لەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو ناوچانە ئەنجامدراوە. بۆیە ئەم توێژینەوە و شیکردنەوەیە توانای کۆمەککردنی کاری لایەنە پەیوەندداره جیاوازەکانی هەیە، لە نێوان ڕێکخراوە ناحکومەییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و حکومەتە خۆجێیەکان. ئەم توێژینەوەیە پشتدەبەستێ بە بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەی تێکەڵاو، لەوانە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەگەڵ ٣٢٠ کەسی جیاواز و ٤٨ چاوپێکەوتن و ٥ مێزگرد لەگەڵ نوێنەرانی لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان لە کەرکوک و حەمدانیە و تلکێف لە نێوان ماوەی مانگەکانی ٨ تا ١٠ی ساڵی ٢٠٢١. سەرەکیترین پێشنیازی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە پاراستنی دامەزراوەکانی داد، بە تایبەت پۆلیس و دادگا بەردی بناغەی بونیادنانی ئاشتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتییە لەو ناوچانە. ئەنجامدانی کارەکان لە چوارچێوەی یاسا دەبێتە هۆی بونیادنانی کەرتێکی دادی پیشەگەر و بەرپرسیار و باوەڕپێکراو. لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەڕێوەبردن و بارودۆخی ئاسایش لاواز و لەرزۆکە، ئەمەش بە هۆی بوونی بۆشاییەکی کارگێڕی و ڕکابەری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕالی عێراق. بەڕێوەبردنێکی جێناکۆک و ناڕوونی کەرتی دادی ئەم ناوچانە نەوەک هەر کێشەیە بۆ تاکەکانی ئەم ناوچانە، بەڵکو ڕێبەستی سەرەکییە لەبەردەمی یەکگرتوویی کۆمەڵگا و بونیادنانی ئاشتی لەم ناوچانەدا. ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بووەتە هۆی پێکدادان و ڕکابەری لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە، ئەوەش کێشە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا و داواکارییەکانی پۆلیس دروست دەکات. بەڕێوەبردن لەم ناوچانە بۆ ماوەیەکی درێژ بووەتە بەشێک لە کێشە و ڕکابەری و ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا. لە نەبوونی ڕێکەوتنێکی هاوبەش لەسەر بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانە، لە نێوانیان کەرتی داد، ڕکابەری ئەو دوو حکومەتە جێگەی یاسای گرتۆتەوە. ئەوە تەنیا کێشەی جێبەجێکردنی یاسا نییە، بەڵکو سەلامەتی و ئاسایش و مافی هاوڵاتیان. ئیدارەی ئێستا و دامەزراوەکانی حوکمڕانێتی لەم شوێنانە

لاوازە لە جیبەجێکردن و سەرخستنی یاسا. ئەوەشی دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە لە دوای ٢٠١٧ەوە هێزی نوێ کە ئەجێندا و بەرژەوەندی دژبەیەکیان هێنا هاتوونەتە ناوچە جێناکۆکەکانەوە لە کەرکوک و دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی دیکە. بوونی بەرژەوەندی سیاسی و هێزی جۆراوجۆر لەو ناوچانە زیاتر سەربەخۆیی و کاری دامەزراوەکانی کەرتی دادی ئاڵۆز کردووە.

دەرەنجامە گشتییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1 ململانێی هەولێر و بەغدا لەسەر کەرکوک و بەشێک لە پارێزگای نەینەوا بووەتە هۆی بۆشاییەکی ئەمنی و تێکچوونی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جۆجێی و پێکدادانی کۆمەڵایەتی.

2 ململانێ لە کەرکوک و حەمدانیە و تلکێف سیاسییە، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە کاریگەری نەرێنی گەورەی لەسەر ڕاپەڕاندن و کاری دامەزراوەکانی کەرتی داد هەیە. زیاد لەمەش، ململانێ و ڕکابەری لەسەر بەڕێوەبردن و ئیدارەی ناوچە جێناکۆکەکان و هەروەها جیاکاری و سیاسەتەکانی ڕەتکردنەوە لەو کەرتەدا هەر لەسەر ئاستی سیاسی نامێنێتەوە، بەڵکو دێتە نێو کۆمەڵگەکان.

3 لە ناوچە جێناکۆکەکان، خەڵک دەبێ مامەڵە لەگەڵ چەندین دەسەڵاتی دژبەیەک و جیاواز بکەن تەنانەت بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانی ڕۆژانەیان و سەردانکردنی پۆلیس و دادگا و پەڕینەوە لە بازگەکان لە نێوان و ناو قەزا و شارەدێکان. بۆ نموونە زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر رزگارکردنی ئەو ناوچانە لە دەستی داعش، ڕێگەیەکی پێنج تا دە خولەکی بۆتە ڕێگەیەکی چەند کاتژمێری، کە پێویستی بە تێپەڕبوون بە چەندین بازگەی جیاواز هەیە. هەر یەکێک لەم بازگانەش بەشێوەی جیاواز لەگەڵ خەڵک مامەڵە دەکەن. سنووردارکردنی هاتوچۆ و هەروەها جیاکاری کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگا و جێبەجێکردنی یاسا کردووە.

4 جێناکۆکبوونی کەرکوک و حەمدانیە و تلکێف وایکردووە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا یەکلاکەرەوە بێ بۆ سیاسەتی ناوخۆیی لەو ناوچانە و کارکردنی کەرتی داد. ململانێ و ناکۆکی نێوان ئەو دوو حکومەتە وایکردووە حکومەتە خۆجێییەکان نەتوانن بە باشی هەماهەنگی لەگەڵ هەر یەک لەو دوو حکومەتە بکەن. کۆمەڵگە و خەڵکیش بەسەر ئەو ململانێیانە دابەشبوونە.

ئەم توێژینەوەیە بەمشێوەیەی خوارەوە ڕێکخراوە. دوای پێشەکییەک بۆ بابەت و گفتوگۆی سەرەکی ڕاپۆرتەکە، لە نێوانیان میتۆدۆلۆژی و پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و بەڵگە، بەشی دووەم پووختەیەک بۆ ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو ناوچانەی نووسراون دەخاتە ڕوو. بەشەکانی دواتریش تەرخانکراون بۆ پێشکەشکردنی شیکردنەوە لەسەر ئەو بابەتانەی خوارەوە: تێڕوانینی خەڵک لەسەر کەرتی داد، ئافرەت و کەرتی داد، و متمانە بە دامەزراوەکانی دادوەری لە کەرکوک و حەمدانیە و تلکێف.

## پێشەکی

عێراق بەوە جیادەکرێتەوە کە کێشەی ئاڵۆز لە نێوان و ناو کۆمەڵگە جیاوازەکانی هەیە. یەکێک لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکان بریتییە لە ناکۆکی لەسەر ناونیشان و ئیدارەی چەندین شار و شارۆچکە و شارەدێ لە نێوانیان شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و دەشتەکانی نەینەوا. ئەو ١٤ قەزایەی کە ناوچە جێناکۆکەکان پێکدێنن بەسەر پارێزگاکانی کەرکوک و نەینەوا و سەلاحەدین و دیالە دابەشبوونە، کە هەر یەکێکیان هەلومەرجی کۆمەڵگەیی و ناسنامەیی و جیۆپۆلەتیکی جیاوازی هەیە. ئەو فرەییانەش بە بوونی هێزی دژبەیەک و ڕکابەری نێوان کۆمەڵگەکان ئاڵۆزتر بوونە (گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، ٢٠١٨).

زیاتر لە هەژدە ساڵ بەسەر گۆڕینی ڕژێم ل عێراق، و ١٦ ساڵ بەسەر پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ٢٠٠٥، و چەندین ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان بەغدا و هەولێر، ناکۆکی لەسەر ئەو ناوچانە هێشتا بەردەوامە. ناکۆکی نێونا هەرێم و حکومەتی عێراقی بەسەر ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گۆڕینی ڕژێم لە دوای ٢٠٠٣ و نووسینەوەی دەستوری عێراق (پاڵانی، ٢٠٢١). دەستور سنووری هەرێمی دیاریکردووە، بەڵام ناونیشانی پارێزگای کەرکوک و چەندین قەزای دیکە بە چارەسەرنەکراوی بەجێهێشت. ڕیفراندۆم لەسەر ئایندەی ئەو ناوچانە، کە دەبوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ بکرابووایە، تا ئێستا ئەنجام نەدرایە.

ئەو توێژینەوانەی لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان نووسراوە زیاتر گرنگی بە ڕەهەندە سیاسی و ئەمنی و ململانێکانی ئەو ناوچانە دەدەن. بۆ نموونە مۆریس و ئەوانی دیکە سیناریۆی جیاواز بۆ چارەسەری ململانێ و ئایندەی سیاسی کەرکوک دەخەنە ڕوو. بە هەمان شێوە ستیڤان وڵف و مێیری گرنگی بە پرۆسەی چارەسەرکردنی ئایندەی سیاسی کەرکوک لە چوارچێوەی یاساکانی دوای ٢٠٠٣ و دەستوری عێراقی دەدەن، لە نێوانیان پێشنیازی ساڵی ٢٠٠٩ی یونامی. وڵف و مێیری بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخەنە سەر هەلومەرجێکی فراوانتری ناوخۆیی و نیشتیمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەسەر پرۆسەی چارەسەری لە کەرکوک. سکێڵتن و سەلیم ئەوە ڕووندەکەنەوە کە چۆن ململانێ لەو ناوچانە لە دوای ٢٠٠٣ەوە لە ململانێیەک لە نێوان دوو حکومەت گۆڕا بۆ ململانێ و ڕکابەرییەکی فرەڕەهەند لە نێوان هێزە سیاسی و چەکدارییە دژبەیەکەکان. ڤان زونن و خۆگر وریا بە وردی کار لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن جێناکۆکبوونی دەشتەکانی نەینەوا و شەنگال کاریگەری لەسەر تێڕوانینی پێکهاتە ئاینیی و ئێتنیکییەکانی ئەو ناوچانەی بۆ ململانێ و ئاشتی لە دوای ٢٠١٤ کردووە.

لەو دواییانە، لێکۆڵینەوەکان تیشکیان خستوتە سەر پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی لە ناوچە جێناکۆکەکان. دریسکۆڵ شیکردنەوەیەکی هەمەگیر بۆ داینامیکە ناوخۆییەکانی ئاشتی و ململانێ لە کەرکوک پێشکەش دەکات، و هەروەها هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ دەرفەتی ئاشتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەکات. شانکس شیکردنەوە بۆ پەرەسەندنی سیستەمی پەروەردە لە دوای ٢٠٠٣ لە کەرکوک و کاریگەری سیاسەتی ئیتنیکی لەسەر داڕشتنەوەی پەروەردە لە عێراق دەکات. شانکس هەوڵدەدات لە ڕێگەی پەروەردەوە، گرنگی دووبارە داڕشتنەوە و دروستکردنەوەی کولتور و پەیوەندی نێوان پەروەردە و ململانێ و ڕکابەری سیاسی لەسەر خاک دەستنیشان بکات.

لەگەڵ ئەوەش، تا ئێستا شیکردنەوەیەکی قووڵ ئەنجامنەدراوە لەسەر ئەوەی چۆن ململانێ و ناکۆکییە کارگێڕی و سیاسی و ئەمنییەکان لەو ناوچانە کاریگەری دەکەنە سەر سەروەری و جێبەجێکردنی یاسا یا کێشە بۆ یاسا دروست دەکەن، بە تایبەت کەرتی داد. لەم توێژینەوەیەدا، کاتێ قسە لەسەر کەرتی داد دەکەین، ئێمە تەرکیز لەسەر دوو دامەزراوەی سەرەکی دەکەین: دادگاکان و پۆلیس. لە ٢٠٠٣ەوە، لە زۆرێک لە ناوچە جێناکۆکەکان چەند جارێک کۆنترۆڵی خاک و ئیدارە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بۆ نموونە، قەزای حەمدانییە لە دەشتی نەینەوا لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٤ لە ژێر کاریگەری و کۆنترۆڵی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی بوون. دواتر قەزاکە بۆ ماوەیەک لە دوای هاوینی ٢٠١٤ کەوتە ژێر کۆنترۆڵی داعش، بەڵام دواتر لە کاتی ڕزگارکردنەوەی قەزاکە لە دەستی داعش کەوتە ژێر بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە، دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە، واقیع و هەلومەرجێکی کارگێڕی و ئەمنی نوێ لەو ناوچانە دروست بووە، کە گرووپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی[1] کاریگەری و ئامادەیی گەورەیان هەیە لە قەزاکە. لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک لە هێز و ئیدارەی

ئەو ناوچانە، سەروەری یاسا و بە تایبەتی سەربەخۆیی و کاری کەرتی داد، گۆڕانکاری بەسەردا دێ و دەگۆڕێ، ئەمەش کاریگەری گەورە لەسەر ژیانی هاوڵاتیان دروست دەکات.

---

(١) کاتەک داعش دەستی بەسەر خاکێکی زۆر لە عێراقدا گرت لە هاوینی ٢٠١٤، باڵاترین دەسەڵاتی ئایینی شیعە، ئایەتوڵا عەلی سیستانی فەتوایەکی دەرکرد کە خەڵک خۆبەخشانە لە دژی داعش بجەنگن. لەو کاتەدا کۆمەڵەک گرووپی چەکداری نوێ دروست بوون، کە دواتر هەموویان بەیەکەوە پێیان گوترا حەشدی شەعبی. حەشدی شەعبی لەسەر بنەمای تایەفی و سیاسی و بەرژەوەندی هەرێمایەتی دابەش بووە. گرووپەکانی سەر یا نزیک لە ئێران لە نێو حەشدا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هاتنە ناوچە جێناکۆکەکانی کەرکوک و نەینەوا، دوای ئەوەی لەگەڵ سوپای عێراقی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە ٢٠١٧. لە حەمدانیە و تلکێف، بۆ نموونە، گرووپەکانی نزیک لە ئێران لیوای ٣٠ی سەر بە حەشدیان لەو ناوچانە دروست کرد، کە بە زۆری لە پێکهاتەی شەبەکی ئەو ناوچەیە پێکهاتووە.

بە گوێرەی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥ ماددەی ١٩ برگەی ١ و ٦، دادوەری دەبێ سەربەخۆ بێ، و هاوڵاتیان دەبێ بەشێوەیەک عادل و یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ لە رێکارە دادوەری و کارگێڕییەکان. پاراستنی کەرامەت و مافی مرۆڤ لە کەرتی داد و دادوەریدا دەبێتە هۆی دروستکردنی متمانە لە نێو هاوڵاتیان و کۆمەڵگە و پێکهاتە جیاوازەکان. ئەگەر ئەوە بەرجەستە نەبێ، ناتواندرێ ئاسایشێکی درێژخایەن لە عێراق بونیاد بنرێ (یونامی، ٢٠٢٠). ناکۆکییەکان زیاتر و قووڵتر دەبن کاتێ جێبەجێکردنی یاسا و خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان لەبەرژەوەندی لایەن و پێکهاتەیەک لە دژی ئەوانی دیکە دەبیندرێ. نەبوون یا کەمبوونەوەی متمانە لە نێوان خەڵک و کەرتی داد دەتواندرێ بەکاربهێندرێ و بقۆزرێتەوە بۆ لێدان لە ڕەوایەتی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دروستکردنی کێشە لە نێوان ناسنامە جیاوازەکان (وایت، ٢٠١٨). لاوازی سەروەری یاسا لە عێراق و بەردەوامبوونی توندوتیژی وایرکردووە متمانەی خەڵک بە دامەزراوە و هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەت لاواز بێ، ئەوەش گەورەترین کێشە و بەربەستە لەبەردەم ئاشتی و پێکەوەژیان (سەلوم، ٢٠٢٠). لەم چوارچێوەیەدا، مەترسییەکی زۆری ناسەقامگیری و ناعەدالەتی لە ناوچەکانی ململانێ هەیە، بە تایبەت بۆ کۆمەڵگە و گرووپە پەراوێزخراو و لاوازەکان.

ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدا بە پرۆگرام و بەرنامەکانی سەروەری یاسا، کە لێکەوتە و ڕەنگدانەوەی گەورەیان دەبێ لەسەر کار و ئەولەویاتەکانی دیکەی وەکو مافەکانی مرۆڤ و لێپرسینەوە و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. چوارچێوە جوگرافی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کەرکوک و دەشتی نەینەوا (حەمدانیە و تلکێف). هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو ناوچانە ناسنامە و پێکهاتە و گرووپی جیاواز دەژین، کە دەتواندرێ بگوترێ عێراقێکی بچووکە. جگە لەمەش، هەلومەرجێکی سیاسی و ئەمنی ئاڵۆز لەو شوێنانەدا هەیە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەروەری یاسا و کەرتی داد هەیە. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی داتا و شیکردنەوەیەکی هەمەگیرە بۆ چۆنیەتی کاریگەری جێناکۆکبوونی کەرکوک و دەشتی نەینەوا (قەزاکانی حەمدانیە و تلکێف) لەسەر کارەکانی کەرتی داد، بە تایبەت دادگا و پۆلیس. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات شیکردنەوەیەکی ورد، پشتبەستوو بە بەڵگە و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ ئەزمون و تێڕوانین و کارلێکی خەڵک و کۆمەڵگا لەگەڵ سیستەمی داد لە ناوچە جێناکۆکەکان بکات. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە هەوڵدەدات پێشنیازی پۆلەسی و کرداری بۆ سەرخستنی سەروەری یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی پێشکەش بکات.

جیاکاری، بە بۆچوونی من، لە دادگاوە دەستپێناکات، بەڵکو پەیوەندی بە خۆسەپاندن و دەستتێوەردانی دەرەکی لە کارەکانی دادگا هەیە. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین دادوەر و ئەندامانی دادگا هەرچەند بە توانا بن، میلیشیاکان ئیرادەی خۆیان بەسەر دادگاکان دەسەپێنن. (کەسایەتییەکی کۆمەڵگە، کەرکوک، ئەیلول، 2021)

کەرکوک چەقی ململانێی بەردەوامی نێوان حکومەتەکانی عێراقی و کورد بووە هە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە 1921. لە دەستوری عێراقی ساڵی 2005 دا هاتووە کە دەبێ ریفراندۆم لەسەر ئایندەی کەرکوک تا کۆتایی ساڵی 2007 بکرێ. لەگەڵ ئەوەش، بەغدا قەت خواستی جێبەجێکردنی دەستورو ماددەی 140 لەبارەی ئایندەی کەرکوکەوە نیشان نەداوە، چونکە پێیوایە ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. ماددەی 140 بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە وناکۆکییەکان لەسەر کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە. کەرکوک بەوە جیا دەکرێتەوە کە دانیشتوانەکەی فرە ناسنامەیە، لە کورد و عەرەب و تورکمان و کەمینەکانی دیکەی وەکو ئاشووری و کلدانەکان پێکهاتووە (بێت شلیمۆن، 2021). کەرکوک چەقی ململانێی ناسیۆنالیستی کورد و تورکمان و عەرەبە (هانیش، 2010). ململانێی کەرکوک زۆرجار بەوە دەناسرێتەوە کە سێ چیرۆک و نارەتیڤی گەورەی هەیە، کە هەموویان بە توندی پەیوەندییان بە ناسنامەی ئێتنیکییەوە هەیە. بۆ کورد، کە زۆرینەن لە پارێزگاکە، کەرکوک بەشێکی ڕەوا و جیانەکراوەیە لە کوردستان و "قودسی کوردستانە". بۆ تورکمان کەرکوک شارەکی تورکمانییە و دەبێ ئاوا بمێنێتەوە. لای عەرەبەکانیش کەرکوک شارەکی عێراقییە و دەبێ بەوشێوەیە بمێنێتەوە (بێت شلیمۆن، 2021).

بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوک و ئەو بەشەی عێراق، ڕژێمی بەعس پرۆسەی تەعریبکردنی ئەو ناوچانەی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی لە شەست و هەفتاکانی سەدەی رابردوو دەست پێکرد، کە بووە هۆی ئاوارەبوون و دەرکردنی کورد و خەڵکی ناوچەکە و گۆڕین و شێواندنی دیمۆگرافیا و ناسنامەی ناوچەکە. بە تایبەت لە ناوەڕاستەکانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەعس بەشێوەیەکی سیستەماتیکی بە سەدان گوندی کوردی ئەو ناوچانەی خاپوور کرد و هەزاران کوردی کەرکوکی لە شارەکە دەرکرد. لە ژێر پاساوی پاراستنی بیر و کێڵگە نەوتییەکان، بەعس دانیشتوانی کوردی لە کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و مەخمور و شەنگال و زومار دەرکرد، و لە جێگەی ئاوە عەرەبی هاوردەی لەو ناوچانە جێگیر کرد.


لـە 92 ی کانونـی دووەمـی سـاڵی 1976، فەرمانـی ژمـارە 41 ی بەعـس دەرچـوو، کـە نـاوی پارێـزگای کەرکوکـی گـۆڕی بـۆ پارێـزگای ئائمیم. لـەو کاتـەوە نزیکـەی 460 ب٠ 470 بڕیـار لـە بـارەی کەرکوکـەوە لـە لایـەن ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی حیزبـی بەعـس دەرکرا. تەنیا نزیکەی سـەدا بیسـتی ئـەو یاسـا و بڕیارانـە لـە دوای 2003 وە ڕاگیـراون. بـۆ نموونـە، لـە شـوباتی 2007، بڕیـاری ژمـارە ٤ پێشـنیازی کـرد کـە خاوەندارێتـی زەوی و گرێبەسـتە کشـتوکاڵییەکان کـە پێشـتر تەعریـب کرابـوون بگەڕێنـەوە سـەر خاوەنـی ڕاستەقینەیان (عەبدوڵا، 2018). دانیشـتوانی کەرکـوک بـەردەوام کێشـەیان لەگـەڵ بارودۆخـی شـارەکەیان هەبـووە. بـە گوێـرەی ڕێکخـراوی گرووپـی قەیرانـی نێودەوڵەتـی (2020)، لـە دوای ئۆکتۆبـەری 2017 ـەوە، کـورد و تورکمـان و هەندێـک لـە عەرەبـەکان نارەزایەتییـەکان لـە دژی جیـاکاری کارگێـڕی لـە شـارەکە دەربڕیـوە، بـە تایبـەت لـە دژی پارێـزگاری دانـدراوی شـارەکە کـە جیـاکاری دەکات لەبەرژەوەنـدی بنەماڵـە و عەشـیرەت و پێکهاتەکـەی خـۆی.

کاتێـک هێـزە کوردییـەکان لـە کەرکـوک کشـانەوە، بە تایبـەت ئەندامانـی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پارێـزگاری دانـدراو کەسـانی عەرەبـی لـە جێگـەی ئـەو پۆسـتانە دانـا کـە پێشتر هـی کـورد بـوون. نارەزایـی لـە بوونـی جیـاکاری ئابـووری لـە شـارەکە زیاتـر بـوو. ئیدارەی نوێـی شـارەکە ئەولەویـەت دەدات بـە مقاوەلەکانـی عـەرەب لـە پڕۆژەکانـی ئاوەدانکردنـەوەی شـارەکە. پارێـزگاری شـارەکە فەرمانی دەرکردنـی چەندیـن خێزانـی کـوردی لـە گەڕەکـی عەرەفـەی کەرکـوک داوە، لـە ژێـر پاسـاوی ئـەوەی کـە ئیدارەی پێشـوو بـە نایاسـایی ئـەو خەڵکانـەی هێناوەتـە ئـەو گەڕەکـە.

لـە دوای 2003 تـا سـاڵی 2017 هێـزە کوردییـەکان کۆنترۆڵەکـی زۆریـان بەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـی و ئەمنـی کەرکـوک هەبـوو. لـە ئۆکتۆبـەری 2017 ـەوە، ئیدارەی کەرکـوک بـە تەواوەتـی گـۆڕا. هێـزە عێراقییـەکان و حەشـی شـەعبی هێرشـیان کـردە سـەر ئـەو ناوچانـە و پێکدادانـی سـەربازی لەگـەڵ هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە 15 تـا 21 ی ئۆکتۆبـەر دروسـت بـوو. لـە دەرەنجامـدا، بەغدا دەسـەڵاتی تـەواوی خـۆی بەسـەر کەرکـوک جێگیرکـرد. گەڕانـەوەی حکومەتـی عێراقـی بـۆ کەرکـوک تـەواوی ڕێـکارە کارگێـڕی و ئەمنییەکانـی ڕۆژانـەی شـارەکەی گـۆڕی و پرۆسـەی چارەسـەری کەرکـوک و ناوچـە جێناکۆکەکانـی زەحمەتتـر کـرد. ڕاسـتە ناکۆکییەکانـی کەرکـوک سیاسـین، بـەڵام کاریگـەری زۆری لەسـەر خەڵـک و کۆمەڵگـەکان دروسـتکردووە. ئـەوە تەنیـا کێشـەی کەرکـوک نییـە، بەڵکـو گەندەڵـی و حیزبایەتـی کاریگـەری لەسـەر جێبەجێکردنـی یاسـا و پێشکەشـکردنی ئاسـایش و پارێـزگاری دەکات. بـەڵام کێشـەی کەرکـوک ئەوەیـە ئـەو ناکۆکییانـە ڕەهەندێکـی ئیتنیکـی و نەتەوەییـان هەیـە، وە چەندیـن هێـزی چەکـداری جیـاواز لـە ژێـر نـاوی جیـاواز لـە شـارەکەدا هـەن و کێشـە بـۆ ئاسایشـی خەڵـک و شـارەکە دروسـت دەکـەن. جگـە لەمانـە، ڕکابـەری لەسـەر خـاک و کۆنتـڕۆل و سـەرچاوە

سروشتییەکان لە نێوان هێزە چەکدارەکان ئەگەری پێکدادانی سەربازی و ململانێی زیاتر کردووە (گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، 2020). هێزی ئەمنی جیاواز لە دەرەوەی شاردا جێگیربوونە، بەڵام ئازادن بێنە نێو شار ئەگەر بیانەوێ. حەشدی شەعبی تەنیا باڵادەست نییە لە کەرتی ئەمنی شارەکە، بەڵکو بەشێک لەو پۆستانەشی پڕکردەوە بە شیعەی تورکمان و لایەنگرانی خۆیان کە لە شارەکە چۆل بوون دوای کشانەوەی هێزە کوردییەکان. حەشی شەعبی دەسەڵاتی تەواویان بەسەر رێگە سەرەکی و دەرەکییەکان و بازگەکانی تەواوی پارێزگاکە هەیە (گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، 2020). دووبارە ئەوە تەنیا کێشەی کەرکوک نییە، بەڵکو فراوانبوونی دەسەڵاتی حەشدی شەعبی نزیک بە ئێران کێشەی تەواوی عێراقە.

ئەو گرووپانەی نێو حەشد خاوەنی هێزی چەکداری و سیستەمی یاسایی و سەربەخۆیی ئابوورین، کە بەشێوەیەکی چالاکانە ڕووبەڕووی دەوڵەتی عێراقی و دامەزراوەکانی دەبنەوە (ئەل جبور، 2021). ئەو هێزانە زیاتر لە عەرەب و شیعەی پارێزگاکە پێکهاتوون، لە کاتێک پارێزگاکە دانیشتوان و پێکهاتەی جیاوازی هەیە (گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، 2020).



## حەمدانیە و تلکێف

> کاتـەک کێشـە لـە نێـوان بەغـدا و هەولێردروسـت دەبـێ، تـەواوی کەرتـی داد پەکـی دەکـەوێ. هەندێـک جـار، رێـکارە کارگێـڕی و پەیوەندییـەکان لەگـەڵ دەوڵەتـی سـێیەم ئاسـانترە لەگـەڵ پەیوەنـدی نێـوان حکومەتـی عێراقـی و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.
> [بەرپرسـێکی حکومەتـی خۆجێـی، تلکێـف، ئەیلولـی ٢٠٢١]

دەشتی نەینـەوا شـوێنی چەندیـن گرووپـی ئیتنیکـی و ئایینـی جیـاوازە، لـە نێوانیـان موسـڵمانی سـوننە و شیعە و شـەبەک و تورکمـان و کـورد و یەزیـدی و کاکەیـی و ئاشـووری و مەسـیحییەکان. ناوچەیەکـی کولتـوری دەوڵەمەنـدە، وە هەروەهـا دەشـتەکانی تلکێـف و حەمدانیـە زۆر دەوڵەمەنـدن. تلکێـف سـێ شـارەدێی هەیـە: وانـە و فایـدە و ئەلقـۆش. هـەر یـەک لـەو شـارەدێیانە ئیـدارە و ئاسایشـی جیـاوازی هەیـە. فایدە و ئەلقـۆش لـە ژێـر کۆنتـڕۆڵـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانن، بـەڵام بەشـەکانی دیکـەی قەزاکـە لـە ژێـر کۆنتـڕۆڵـی بەغـدا و حەشـدی شـەعبیدان. تلکێف بەشـێکە لـە ناوچـە جێناکۆکەکانـی نێـوان بەغـدا و هەولێـر. پێـش ٢٠١٤، قەزاکـە لـە ژێـر کۆنتـڕۆڵـی زۆری پێشـمەرگە و ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان بـوون، بـەڵام دوای ٢٠١٧ پێشـمەرگە ناوەنـدی قەزاکـەی جێهێشـت و لـە ئەلقـۆش و تەلسـقوف جێگیـر کـران. هێـزە ئەمنییەکانـی تلکێـف یەکگرتـوو نیـن، کـە رێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی ناوخۆیـی و بەرپسـانی خۆجێیـی بـە گەورەتریـن کێشـەی دادەنێـن. ئـەوە تەنیـا کێشـەی بـۆ کـاری کەرتـی داد دروسـت نەکـردووە، بەڵکـو بەربەسـتێکی گەورەیـە لەبـەردەم سـەقامگیری ناوچەکـە و گەڕانـەوەی ئـاوارەکان، بـە تایبـەت ئـاوارە مەسـیحییەکان لـە شـارۆچکەی بەتنایـە، کـە هێشـتا نەگەڕاونەتـەوە.

هەمـان هەلومەرجـی کارگێـڕی و ئەمنـی لـە قـەزای حەمدانییـە هەیـە. حەمدانیـەش بەشـێکە لـە ناوچـە جێناکۆکەکانـی نێـوان هەرێـم و بەغـدا. قەزاکـە لـە چـوار شـارەدێ پێکهاتـووە، کـە هەریەکێکیـان بارودۆخـی ئەمنـی و کارگێـڕی جیـاوازی هەیـە. قـەزای حەمدانییـە شـوێنی چەندیـن گرووپـی جیـاوازە، لـە نێوانیـان مەسـیحی و یەزیـدی و کـورد و کاکەیـی و تورکمـان و شـەبەک. لـە شـارەدێ و گوندەکانـی قەزاکـە، ڕکابـەری لـە نێـوان هێـز و ئیـدارە جیـاوازەکان هەیـە. بـۆ نموونـە، لـە بەعشـیقە هێزەکانـی پێشـمەرگە نزیکـەی نیـوەی گوندەکانـی شـارۆچکەکەیان لـە ژێـر دەسـتە، و گوندەکانـی دیکـەش لـە ژێـر کۆنتـڕۆڵـی لیـوای ٣٠ی شـەبەکی حەشـدی شـەعبین. بەرپرسـە خۆجێیەکانـی قەزاکـە دەناڵێـن لـە دەسـت نەبوونـی هەماهەنگـی لـە نێـوان ئـەو هێزانـە، و داوای هەوڵێکـی هاوبەشـی نێـوان بەغـدا و هەولێـر دەکـەن. توێژینـەوەی زۆر لەسـەر کێشـە و ناکۆکییەکانـی حەمدانییـە و تلکێـف و کاریگەرییـان لەسـەر ئاسایش و پێکـەوە ژیـان هـەن (بـۆ نموونـە، بڕوانـە: ڤـان زەنـون و وریـا، ٢٠١٧؛ وریـا و فـەواز، ٢٠١٧).

لەگەڵ هاتنی داعش بۆ نەینەوا لە ٢٠١٤، و ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچەکە، ئاراستە و تەرکیزی توێژینەوەکان گۆڕا بۆ قسەکردن لەسەر بونیادنانەی پاش داعش و سەقامگیری و ئاشتەوایی و عەدالەتی گواستنەوە و قەرەبووکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی زەی و خانووبەرە و ئاوارە ناوخۆییەکان (بۆ نموونە، بڕوانە گاستۆن، ٢٠١٧؛ مێری، a٢٠٢٠، b٢٠٢٠؛ سەلوم، ٢٠٢٠؛ سەدیقی و گیۆ، ٢٠٢١؛ پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشتی، ٢٠٢٠؛ سۆشیان ئینکوایەری، ٢٠٢٠). ڤان زەنون و وریا شیکردنەوەیەکی ئەزمونگەرای و مەیدانی لەسەر چۆنیەتی کاریگەری جێناکۆکبوونی دەشتەکانی نەینەوا و شەنگال لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگەکان بۆ ئاشتی و ململانێ لە دوای ٢٠١٤ پێشکەش دەکەن. سۆشیال ئینکوایەری و پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشتی (٢٠٢١) توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر تێروانینی کۆمەڵگەی بۆ کەرتی داد لە حەمدانیە و تەلعفەر و شەنگال پێشکەش دەکەن. لێکۆڵینەوەکەیان شیکردنەوە بۆ متمانەی خەڵک بە پۆلیس و دەستگەیشتن بە دادگا و سیستەمی داد و هەروەها ئاخۆ خەڵک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا بۆ پۆلیس دەبەن یا نا، دەکات. بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ئەو کارە، سۆشیال ئینکوایەری و پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشتی ٩٢ نیشانە و پێوەری بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی ململانێ و سەقامگیری لە چوارچێوەی پێنج بابەتی پەیوەندیدار بە یەکەوە، پەرەپێدا. ئەوانەش بریتین لە حوکمڕانیتی، ئاشتەوایی و داد، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی، سەروەری یاسا و ئاسایش. ئەو نیشانانە بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانە داڕێژرابوون، وە کۆکردنەوەی داتاش لە چەند قۆناخ و ڕەوەندێکی جیاواز ئەنجامدرابوو. ڕاستە توێژینەوەکەی سۆشیال ئینکوایەری و پەیمانگەی ئەمریکی هەڵسەنگاندنێکی مەیدانی بۆ تێڕوانینی خەڵک لەسەر سیستەمی داد لە حەمدانیە پێشکەش دەکات، بەڵام شیکردنەوە بۆ ئەوە ناکات کە چۆن ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا کاریگەری لەسەر کاری سیستەم و کەرتی دادی ناوچەکە دەکات. جگە لەمەش، توێژینەوەکە لە دەشتی نەینەوا تەنیا حەمدانیە لە خۆدەگرێ، و تەرکیز لەسەر قەزای تلکێف ناکات. تلکێف هەلومەرجەکێکی ئەمنی و پەیوەندییەکی هێزی جیاوازی هەیە.

## میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگای کەرکوک و قەزای حەمدانیە و تلکێف لەدەشتی نەینەوا ئەنجام دراوە. ئەم ناوچانە دەستنیشانکران چونکە لەو ناوچە جێناکۆکانەن کە زۆرترین ناکۆکی لەسەرە لە رووی بەڕێوەبردنەوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی تێگەیشتنی وورد لە واقیعی کەرتی دادوەری لە ناوچە جێناکۆکەکان دەدات بۆیە داتای تێکەڵاوی چەندایەتی چۆنایەتی بەکارهاتووە. میتۆدی تێکەڵاو (Mixed method) دەستنیشان کرا چونکە توێژینەوەی میتۆدە تێکەڵەکان لایەنە بەهێزەکانی هەردوو میتۆدەکە لەخۆدەگرێت (کریسوێڵ و کلارک، ٢٠١٧). هەروەها توێژینەوەکە دیزاینی لێکۆڵینەوەی وەسفیی بەکارهێنا، کە بەسوودە بۆ

ئامانجی توێژینەوەکە و یارمەتی بەدەست هێنانی ئەو زانیاریانە دەدات کە گوزارشت لە دیاردەکانی ئێستا دەکات بە پرسیارکردن لە تاکەکان سەبارەت بە تێڕوانین و هەڵوێست و بەهاکانیان. هەروەها گونجاوە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە ئەدەبیاتی پێشوویان سنووردارە.

تیمی مەیدانی توێژینەوەکە لە کەرکوک و دەشتی نەینەوا لە شەش کۆکەرەوەی داتا و دوو یاریدەدەری توێژەر پێکهاتبوون. دابەش ببوون بەسەر دوو تیم کە لە هەر تیمێکدا کوڕ و کچی تێدا بوو لە پێناو بەدەستهێنانی بالانسی جێندەری لە نموونەی توێژینەوەکە.

لە توێژینەوەکە پرسیارنامە و چاوپێکەوتن بەکارهات وەک ئامراز بۆ کۆکردنەوەی داتا بەشێوەی چەندایەتی و چۆنیەتیی. زانیاری کۆکراوەتەوە لە ٣٢٠ کەس لە ناوچە جێناکۆکەکان بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسیی (پاشکۆی A)، ٤٨ کەس چاوپێکەوتنی کەسی کراوە و پێنج فۆکوس گرووپیش ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی ڕێبەری چاوپێکەوتن. بە هۆی بەکارهێنانی میتۆدی جیاواز لە کۆکردنەوەی داتا هەردوو ستراتیجی نموونەیی ئەگەری و مەبەستدارمان بەکارهێناوە. نموونەی مەبەستدارەکەمان بریتی بوو لە هەموو زانیاریدەرە سەرەکیەکانی وەک دادوەران و ئەفسەرانی پۆلیس و کەسایەتی کۆمەڵگا و چالاکوانان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و بەشداریان لە فۆکەس گرووپەکان کردووە. نموونەی ئەگەریش لە ٣٢٠ هاووڵاتی پێکهاتووە کە بە هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، نیوەی ئەو کەسانە خەڵکی پارێزگای کەرکوک بوون و نیوەی تریش لە دەشتی نەینەواوە. بە درێژایی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا توێژەران هەوڵیاندا کە دڵنیا بن لەوەی کە ژمارەیەکی یەکسان لە وەڵامدەرەوەی نێر و مێ لە نموونەکەدا هەیە. ئەوانەی بەشدارییان لە چاوپێکەوتن و فۆکەس گرووپەکان کردووە بە وریاییەوە دیاری کران، چونکە ئەکتەرە دیارەکانی ئەم کەرتە لە پێگەیەکی هەستیاردان؛ بۆیە چۆنیەتی پەیوەندیکردن و گەیشتن بە بەبەشداربووان لە پێناو بەدەست هێنانی زانیاریی ڕەسەندا ڕەچاوکرا.

پرسیارنامەمان بەکارهێنا بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینی بەشداربووانی رووپێوییەکە کە ئەزموونیان لەگەڵ کەرتی دادوەریدا هەیە. بەکارهێنانی پرسیارنامە شێوازێکی باوەڕپێکراو و خێرایە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە چەندین وەڵامدەرەوە بە شێوەیەکی کارا و لە کاتێکی کەمدا. ئەمە میتۆدێکی گونجاوە لە پڕۆژەی توێژینەوەی گەورە کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی ئاڵۆز بێت (بێل، ٢٠٠٥). ئەو کەسانەی کە پرسیارنامەکەیان پرکردۆتەوە بریتین لەوانەی کە ئەزموونیان لەگەڵ کەرتی داد هەبووە لە ماوەیساڵی ڕابردوودا ، ئەو تاکانە هاووڵاتی ئاسایی بوون و مامەڵەیان هەبوو لەم کەرتەدا بۆ ئەنجامدانی کاری جۆراوجۆر سەردانی دامەزراوە دادوەری و پۆلیسیان کردوە. پرسیارنامەکە لە ٢٥ پرسیاری داخراو پێکهاتووە، کە شەش پرسیاری دیمۆگرافی تێدایە ، ڕەنگدانەوەی ئەزموون

و تێگەیشتنی نموونـەی توێژینەوکەیـە لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان بـۆ ئـەم کەرتـە پرسیارنامەکە بەشێوەی چاوپێکەوتنـی داخـراو پڕکراوەتـەوە بـۆ ستاندارکردنی چۆنیەتی ئاراستەکردن و تۆمارکردنـی وەڵامەکان بـۆ هەمـوو نموونـەی توێژینەوەکـە.

بـۆ ئـەوەی وێنەیەکـی تـەواو لـە لێکەوتەکنـی دۆخـی ناوچـە جێناکۆکـەکان لەسـەر کەرتـی داد پێشـکەش بکەیـن، بڕیارمانـدا لـە ڕوانگـەی دادوەران و پارێـزەران و لێکۆڵـەرەوەکان و کەسـایەتیەکان و چالاکوانان و بەرپرسـانەوە ئـەم بابەتـە شـی بکەینـەوە. چاوپێکەوتنـەکان و فۆکـەس گرووپـەکان، جگـە لـەوەی وەک شێوازی کوالێتـی بـۆ ئـەم کەسانە دانـران. چاوپێکەوتنـەکان دەرفەتـی زیاتر دەرەخسێنن بۆ ئەو کەسـانەی چاوپێکەتنیـان لەگـەڵ دەکرێـت بـە قووڵـی و گفتوگـۆی کـراوە و نافەرمـی و ئـازاد بیروڕاکانیـان دەرببڕن (سـارانتاکۆس، ٢٠١٣). فۆکـەس گـرووپ بەکارهێنـرا بـۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنیکی قووڵـی کێشـەکان لـە روانگـەیٔ تێگەیشـتنی کۆمەڵێـک کەسـی هەڵبژێـردراو لـەو جـۆرە کەسـانەی کـە ناوبـران. لـە فۆکـەس گرووپێـک هەشـت تـا دە کـەس بەشـداربوون کـە لـە ڕێگـەی تـۆڕە ناوخۆییـەکان و پەیوەندیەکانـەوە دیاریکـران. یـەک فۆکـەس گـرووپ لـە هـەر پارێزگایـەک بـۆ ژنـان تەرخـان کـراوە بـۆ ئـەوەی بتوانـن سـەبارەت بـە نیگەرانییەکانـی خۆیـان دەربـارەی ئـەم بابەتـە لـە ناوچـەی خۆیـان قسـە بکـەن نـەک تەنهـا بـاس لـە کێشـە فراوانـەکان بکـەن.

لـە شـیکردنەوەی داتـا کۆکراوەکانـدا، ڕوانگـەی چەندایەتی و چۆنیەتی لێکدراوە. زانیاریـەکان کۆکرانەوە بـە بەکارهێنانـی تەکنیکـی شـیکردنەوەی زانیـاری چەندایەتـی و چۆنایەتـی تێڕوانینـی وەڵامـدەرەوەکان شـیکرایەوە. چونکـە پەیوەنـدی هەیـە لـە نێـوان ئـەو پرسـیارانەی کـە لـە هـەر میتۆدێکدا بەکاربنـراوە، پەیوەندیمـان لـە نیـوان زانیارییـە جۆراوجۆرەکان کـە بـە میتـۆدی جیـاواز کۆکراونەتـەوە دروسـت کـردو و بەراوردمـان کـرد. لـە بەرایـدا هەندێـک خشـتەی سـادەمان دروسـت کـرد لـە داتـای چەندایەتییـەوە بـۆ خستنەڕووی ئەنجامـەکان؛ ئەمانـە ش دواتـر بەسـترانەوە بـە کـۆدەکان و سـیمەکانی کـە لـە داتـای چۆنایەتیـدا دەستنیشـان کـراون.

بنەمـا ئاکارییەکانـی توێژینـەوە لایەنێکـی گرنگـە لـەم توێژینەوەیـەدا ڕەچاوکـراوە، چونکـە تیمـی مەیدانـی دڵنیابـوون لـەوەی کـە هەمـوو وەڵامـدەرەوەکان بـە خۆبەخشـانە بەشـداریان کـردووە و ئـەو زانیاریانـەی کۆکراونەتـەوە بـە نهێنـی دەمێننـەوە. تیمـی مەیدانەکە ئامانجـی توێژینەوەکەیـان بەڕوونـی بۆ بەشـداربووان باسـکرد و تەئکیدیانکـردەوە کـە ناسـنامەیان بـە نەناسـراوی دەمێنێتـەوەو بەشـداریکردنیان سـەلامەتیان ناخاتـە مەترسییەوە، کچـە بەشداربووەکان گرەنتـی زیادەیـان وەرگـرت بـە هۆی هەسـتیاری شـوێنەکەیان. جگـە لـە فۆکـەس گرووپـەکان، چاوپێکەوتـن و پرسیارنامەکان بـە کەسـی ئەنجام دران بـۆ دروسـتکردنی متمانـەی بەشداربووان. ئـەم توێژینـەوەیە سنورداری خـۆی هەبـوو :

- هەندێ لە بەشداربووان نارازی بوون لە تۆمارکردنی دەنگەکە چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو قسە لەسەر کێشە سیاسییەکان مەترسی لەسەر سەقامگیری ناوچەکەیان هەبێت.

- حکومەت و گرووپە چەکدارەکان ڕێنماییان بە هەندێک لە بەشداربووان کە بە ڕاشکاوانە تێڕوانینی خۆیان دەرنەبڕن.

- سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە دادوەرانی قەدەغە کرد لە لێدوان بۆ هەر لایەنێکی تر بەبێ ڕەزامەندی سەرۆک ئەویش بە سنورداریکردنی زۆرەوە.

- گواستنەوە لە نێوان ناوچە جیاوازەکان سەختە بەهۆی چەندین خاڵی پشکنین و چەندین کۆنترۆڵەوە.

- لەگەڵ نەبوونی متمانە کە لەم ناوچانە زاڵە، هەندێک لە وەڵامدەرەکان ویستیان بە شێوەیەکی گونجاو وەڵام بدەنەوە، بەڵام نەیانتوانی ڕاستیەکان بڵێن.

## ئەنجام و شیکردنەوە

ئەم خشتەیەی خوارەوە تایبەتمەندیە دیمۆگرافییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە دەخاتەڕوو. لەم توێژینەوەیە تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت هەوڵماندا هاوسەنگییەک لەنێوان گرووپە هەمەجۆرەکان کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەکەن دروست بکەین. وەک لە بەشی مێتۆدیۆلۆجیدا تێبینی کراوە، تاکەکانی ناو نمونەکە هاووڵاتی ئاسایی ئەو ناوچانەن کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی تێدا ئەنجامدراوە. بەهۆی نەبوونی داتای دیمۆگرافی باوەڕپێکراو و ڕەسمی، نموونەکە لەسەر بنەمای خەمڵاندن و سەرچاوەکان لە توێژینەوەکانی پێشوو بنیاتنراوە. زانیاریە کۆکراوەکان لە سێ ناوچە کۆکراوەتەوە کە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان دانراوە.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە دڵنیا بێت لەوەی کە دەرەنجامەکانی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی جیاوازی پێکهاتە جیاوازەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بێت، بۆ نمونە نزیکەی 40% ی بەشداربووان ئافرەت بوون بۆ ئەوەی پێکهاتەی دیمۆگرافی رەگەزی مێ لە نموونەکە ڕەنگبداتەوە و تێڕوانینەکانیان لەسەر کەرتی داد هەڵبسەنگێنین. هەروەها گەنجەکان زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی پلاندانان، گەنجان زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، بۆیە زیاتر لە نیوەی بەشداربووان (54.23%) تەمەنیان لەنێوان 26 بۆ 35 ساڵیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا داتاکان ئەوە دەردەخەن کە لە ساڵی ڕابردوو گەنجان زیاتر مامەڵەیان هەبووە لە کەرتی دادوەری و سەردانی دەزگا دادوەرییەکانیان کردووە. لە ڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە زۆرینەی

پێکهاتەی نموونەکە ئەو کەسانەن کە بڕوانامەی پەیمانگا و بەکالۆریۆسیان هەیە کە دەگاتە (6269٪) نموونەکە، ئەمەش بەهۆی گەشەکردنێکی بەرچاوەوەیە لە ژمارەی ئەو کەسانەی بڕوانامەیان هەیە و بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئەم گرووپە باشتر دەتوانن بیرۆکەکانیان بگەیەنن. سەبارەت بە گۆڕاوەکانی تریش کە پەیوەستە بە ئاستی ئابووری و ناسنامە و پیشەوە هەوڵمان داوە هاوسەنگییەکە دروست بکەین کە گونجاو بێت لەگەڵ پێکهاتەی دانیشتواندا.

| زانیارییە دیمۆگرافیەکان | | | |
|---|---|---|---|
| 1 | گرووپی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | 18-25 | 50 | 15.67 |
| | 35 - 26 | 173 | 54.23 |
| | 36-50 | 76 | 23.82 |
| | + 50 | 20 | 6.27 |
| 2 | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | پیاو | 186 | 58.31 |
| | ئافرەت | 126 | 39.50 |
| | بێ وەلام | 7 | 2.19 |
| 3 | ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | نەخوێندەوار | 12 | 3.76 |
| | سەرەتایی | 35 | 10.97 |
| | ئامادەیی | 60 | 18.81 |
| | دبلۆم | 61 | 19.12 |
| | بەکالۆریۆس | 139 | 43.57 |
| | خوێندنی باڵا | 12 | 3.76 |
| 4 | باری ئابوری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | زۆر خراپ | 46 | 14.42 |
| | خراپ | 60 | 18.81 |
| | مامناوەند | 85 | 26.65 |
| | زۆر باش | 128 | 40.13 |
| 5 | گرووپی ئاینی و ئەتنیکی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | کاکایی | 25 | 7.84 |
| | شەبەک | 23 | 7.21 |
| | عەرەبی-سونە | 62 | 19.44 |
| | عەرەب- شیعە | 10 | 3.13 |
| | کورد | 78 | 24.45 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | تورکمان-سونە | 22 | 6.90 |
| | تورکمان-شیعە | 10 | 3.13 |
| | مەسیحی | 51 | 15.99 |
| | یەزیدی | 10 | 3.13 |
| | بێ وەڵام | 28 | 8.78 |
| 6 | پیشە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | کارمەندی کەرتی گشتی | 96 | 30.09 |
| | کارمەندی کەرتی تایبەت | 63 | 19.75 |
| | خاوەن کار | 87 | 27.27 |
| | ژنیماڵەوە | 33 | 10.34 |
| | خانەنشین | 10 | 3.13 |
| | قوتابی | 30 | 9.40 |
| 7 | شوێن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| | حەمدانیە | 78 | 24.45 |
| | تەلکیف | 82 | 25.71 |
| | کرکوک | 159 | 49.84 |

## دۆخی ناکۆکی و کەرتی داد

من قایمقامم و هێشتا هەندێ جار ناتوانم لە ناو قەزاکەمدا هاتوچۆ بکەم. بیهێنە بەرچاوت کە دۆخەکە چۆنە بۆ خەڵکی ئاسایی. (بەرپرسێکی حکومەتی خۆجێیی، ئەیلولی 2021)

ئەو هەستەی کە بارودۆخی جێناکۆکی حەمدانییە و تەل کیف و کەرکوک کاریگەری لەسەر کەرتی دادوەری و دادگا و بنکەکانی پۆلیس هەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە فۆکەس گرووپ و چاوپێکەوتنیەکان بەدیدەکرێت لە ناو نموونەی رووپێویەکەشدا هەیە. پرسیار لە وەڵامدەرەوەکان کرا کە ئایا دۆخی ناکۆکی لەسەر شارەکەیان کاریگەری لەسەر کەرتی دادوەری هەیە یان نا، لە وەڵامدا 90%ی بەشداربووان وەڵامی "بەڵێ"یان داوەتەوە، لە کاتێکدا تەنها 7% وەڵامی "نەخێر" یان داوەتەوە (شێوەی 1). هەروەها وەڵامدەرەوەکان ڕایانگەیاندوە کە ڕۆژانە ئەزموون و هەست بەو ناکۆکیە دەکەن لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر کۆنترۆڵی ئیداری و خاکی ئەم ناوچانە هەیە. داتاکان ئەوەشیان دەرخستووە کە 84% ی وەڵامدەرەوەکانی ڕاپرسییەکە لەو باوەڕەدان کە ناکۆکی لە نێوان هەردوو حکومەتدا هەیە، لە کاتێکدا تەنیا 9% دەڵێن کە هیچ ناکۆکییەک نییە.

مامەڵەی من یان لە دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندی و یان لە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەوەستێت، من ناتوانم لە هەردوولا مامەڵە بکەم. هەردووکیان ڕێگریان لە مامەڵەکانم کرد، وە من بە بێ پەڕەی ناسنامە ماومەوە. (ئاگادارێکی کاکەیی، ئەیلولی 2021)

بەڕاستی ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینیت لەنێوان هەولێر و بەغدا سیاسەتێکی مەترسیدارە کە کاریگەری خراپی لەسەر خەڵکی ئاسایی شارەکەمان هەیە، وای لە من کردوە کە رقم لە دراسێکەم بێت کە لە گرووپێکی ترە کە ئەمەش شتێکی نامرۆڤانەیە. لەو باوەڕەدام کە ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی کەرکوک بەو شێوەیە بەداخەوە، بۆچی ئەمە وایە؟ لەئەنجامی ململانێ سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان عەرەب و کورد، ڕێگەم پێ بدە بەو شێوەیە قسە بکەم، چونکە بابەتەکە ناچاری کردم بەم جۆرە قسە بکەم! ئەمە ململانێیەکە لە نێوان لایەنە ناکۆکە نەتەوەیی و تائیفیەکاندا (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

شارێکی وەک کەرکوک فرە ڕەگەزە و هاوڵاتیانی ئەم شارەش هاوسۆزییەکی دیاریکراویان بۆ گەل و وڵاتەکەیان هەیە. بۆیە کاتێک دێتە سەر پرۆسەی یاسایی بەرامبەر کەسێک لە هەمان نەتەوەوە ناتوانێت ئەو کارە بکات چونکە نەتەوەبوون لە یاسا زۆر گرینگترە، بۆچی هەبوو؟ بەهۆی ناکۆکیەکان ئەم شارەوە (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئابی 2021)

ئەم ناکۆکییە لە نێوان دوو پێکهاتەی سەرەکی دەبینرێت کە عەرەب و کوردن. ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆربەی کۆمەڵە ئاینیی و ئیتنیەکان دەکات کە لە دەشتی نەینەوادا دەژین وجیاکاریی زیاتر دەکات. پرسیار لە بەشداربووەکان کرا، "ئایا جیاکاری هەیە لە کەرتی دادوەریدا هەیە لەسەر بنەمای ناسنامەی ئەتنیکی و ئاینیی؟" لە وەڵامدا، 62% (197 وەڵامدەر) وەڵامی "بەڵێ"یان دایەوە، لە کاتێکدا تەنها 28% (90 وەڵامدەر) وتیان "نەخێر" (شێوەی 3).


هەروەها پرسیار لە بەشداربووان کرا کە ئایا یاسا بە یەکسانی جێبەجێ دەکرێت؟ 45% (142کەس یان لەگەڵ لێدوانەکە ڕێککەوتوون، 18% (58 وەڵامدەر) "بە توندی ڕازی بوون" (شێوەی 4) و تەنیا 10% (3 وەڵامدەر) ڕایانگەیاند کە ئەوان "ناڕازین" هەرچۆنێک بێت، 25% (81 وەڵامدەر) وەڵامی "بێلایەن" یان دایەوە ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەندێک کەس ئەزموونی جێبەجێکردنی یاسای یەکسان دەکەن لەسەر هەندێک کێشە بەڵام جیاکاری لە ناوچەکانی تر. بەهەمان شێوە ئەزموون و ڕەفتاری جیاواز لەدامودەزگای دادوەری جیاوازدا هەیە ئەمە دەریدەخات

کـە وەڵامـدەرەکان لـەو بـاوەڕەدان کـە یاسا بـە یەکسـانی جێبەجـێ ناکرێـت و سـەپاندنی یاسا جیـاوازی دەکات لـە نێـوان کۆمەڵـگە جیاوازەکانـدا. ئـەوەش لەلایـەن دوو کیسـی کەرکوکـەوە دووپاتکرایـەوە:


فرەڕەگــەزی دانیشــتوانی کەرکــوک وایکــردوە مەحــاڵ بێــت یاســا بەشــێوەیەکی دادپەروەرانــە جێبەجــێ بکرێــت (چاوپێکەوتنــی کەســی، کەرکــوک، ئابــی 2021)

ناتوانرێـت یاسـاکان بـە یەکسـانی جێبەجـێ بکرێـن کاتێـک کـە بەسـەر سیاسـەتمەداران و کەسـانی پلـەو پایـەی دەسـەڵاتدا جێبەجـێ ناکرێـت (چاوپێکەوتنـی کەسـی ، کەرکوک، ئەیلولـی 2021)

بـە پێـی زۆرینـەی وەڵامـدەرەکان (77%، 246 بەشـداربوو)، ئـەم جیـاکاری و مامەڵـەی جیاکارییـە دەبێتـە هـۆی گـرژی کۆمەڵایەتـی لـە نـاو و نێـوان کۆمەڵگاکانـدا (شـێوەی 5). تەنهـا 4% (9 وەڵامـدەر) وەڵامیـان دایـەوە کـە ئەمـە گـرژی کۆمەڵایەتـی زیـاد نـاکات.



٢- ئایا هەست دەکەیت ململانێ هەیە لەنێوان دەسەڵاتە جیاوازەکان یان سیستمە یاساییەکان لەشارەکەتدا (وەک ئەوەی لەنێوان بەغداو هەولێردا هەیە)؟





بەرای ئەو کەسانەی کە لەسیستمی دادوەریدا کار دەکەن دەبێت جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بکرێت. زۆربەی کارمەندانی دادگاکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە ئاماژە بەوە دەکەن کە دادگا سەربەخۆیی خۆی لە دەستێوەردانی دەرەکی پاراستووە ، هەروەها رایانگەیاندووە کە بڕیارەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و سەربەخۆ دەرکراون لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی یەکسان جێبەجێ نەکران

پێویستە جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکاردا بکەیت، من هیچ بیرۆکەیەکم نیە کە چی ڕوودەدات لە بنکەی پۆلیس. جاروبار بیستومانە کە یاسادانان لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا پەیرەو ناکرێت و ئێمە ڕێکاری یاساییمان لە دژی ئەو بەرپرسانە گرتووەتە بەر (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

هەرچەندە لە کەرکوکدا ناکۆکی ڕەگەزی و ئایینی هەیە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، بەڵام ئەم ناکۆکیانە نەخزاونەتە ناو دادگاکان و کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی دادوەری نەبووە. سەبارەت بە بنکەکانی پۆلیس لە ڕاستیدا لە هەموو کاتێکدا گلەیی زۆریان لێ دەکرێت (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئابی 2021)


### ٣- ئایا لە کەرتی دادوەریدا جیاکاری لەسەر بنەمای ناسنامەی ئەتنیکی و ئایینی هەیە؟




| | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
|---|---|---|---|
| سلسلة1 | 197 | 90 | 32 |

هەرچەندە ڕەوتی وەڵامەکانی ڕاپرسییەکە دەریدەخات کە جیاکاری لەسەر بنەمای ئەتنیکی و ئایینی هەبووە، بەڵام هەندێک نیشانەی ئەرێنی پەیوەندیە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش هەیە. دادوەرێک کە لە کەرکوک چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە ڕایگەیاند: "من وەک دادوەرێکی عەرەب زۆر جار بە هاوڕێکانم دەڵێم مامەڵەکانی هاوڵاتی کورد ڕادەپەڕێنم هەرچەندە کەموکوڕی تێدا بێت بۆ ئەوەی لە هەست و سۆزی جیاکاریکردن دووربکەونەوە"

### ٤- تاچەند لەگەڵ ئەم دەربڕینەی خوارەوەدا هاوڕاییتان هەیە: "سوودێک هەیە لە جێبەجێکردنی یاسا لە شارەکەتاندا بەقازانجی گرووپێکی تر؟




| | زۆر لە گەڵیدام | لە گەڵیدام | بێلایەن | لە گەڵیدانیم | زۆر لە گەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|---|
| سلسلة1 | 58 | 142 | 81 | 31 | 7 |
| سلسلة2 | 18.18% | 44.51% | 25.39% | 9.72% | 2.19% |

کاتێک باس لە جێبەجێکردنی یاسا و کام گرووپ دەسەڵاتدارە بەسەر شارەکەدا زۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە گرووپە جیاوازەکان رایانگەیاندوە کە هەموو گرووپە ئیتنیکی و ئایینییەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەتەوە بە پلەی جیاواز. لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ەوە کە پێشمەرگە لەژێر فشاری هێزەکانی حکومەتی ناوەندی و بەتایبەتی گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچە جێناکۆکەکان کشاونەتەوە و کورد ناڕازییە لە دۆخی ئێستای کاروبارەکانیان. کوردەکان و جەختیان کردۆتەوە کە لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە پەراوێزخراون و نائومێد بوون لە جێبەجێکردنی یاسا لە کەرکوک و هەموو ناوچە جێناکۆکەکان هەروەها رایانگەیاندووە حەشدی شەعبی دەستێوەردانەکانیان لە هەموو کاروبارەکاندا زیاد کردووە لە ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە. یەکێک لەو کوردانە دەڵێت حەشبیدی شەعبی دەستێوەردانی کردووە و دەستدرێژیکەرێکی ئازادکردووە کە بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنێکی کورد زیندانی کراوە. ئەم تێڕوانینە هەرچۆنێک بێت لەلایەن وەڵامدەرەوەکانی تریشەوە سەر بە گرووپەکانی تر باسکراوە کە هێزە کوردییەکان بە هەمان شێوە دەسەڵاتیان بە خراپی بەکارهێناوە پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بۆ نموونە یەکێک دەڵێت:

جیاکاریی هەیە، بەڵام تەنیا بۆ دەسەڵاتی دادوەری ناگەڕێتەوە، هەروەها ڕەنگە دەرئەنجامی ئەو شێوازە بەڕێوەبردنە بێت کە ئەم ناوچەیی پێ بەڕێوەدەبرێت، لەگەڵ مێژووی ناوچەکە و ئاراستەی زاڵ. هەرچەندە بۆتە پراکتیزەیەکی باو لەنێو خەڵکدا بەڵام لەدەسەڵاتی دادوەری و سێکتەرەکانی تر ئەم جیاکارییە لەسەر بنەمای نەتەوەو ئایین نەخراوەتە بەر باس. بۆ نموونە نیوەی دانیشتوانی شارەکە کوردن بەڵام زۆربەی دادوەرەکان عەرەبن بۆیە ئەمەش نموونەیەکی جیاکارییە (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئابی 2021)


من وەک کەسێکی پەیوەندیدار لە کەرتی پۆلیس قسە دەکەم لەدادگای کەرکوک شتگەلێک هەن کە بە ئاشکرا نایبینین. تۆمەتبار هەن کە بە بڕی دیاریکراوی پارە ئازاد دەکرێن و کەسانێک هەن کە لە بنەڕەتدا تۆمەتبار نەبوون کە چەند ساڵێکە سزادراون و شایەتحاڵی هەلبەستراو دەهێنن بۆ شایەتی دان. جیاکارییەکی زۆر هەیە، و پارە حوکمەکە دیاری دەکات. (بەشداربوویەکی پیاو، فۆکەس گرووپ، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

هەندێک لەبەشداربووان ڕایاندەگەیاندوە کە هەردوو فرە ڕەگەز و فرە ئایین خۆیان فاکتەرن بۆ نادادپەروەریی دادوەری

دادوەران و ئەفسەرانی پۆلیس بەسەر پارتە سیاسییەکانەوە دابەشبوونە و هەر لایەنێکی سیاسیش سەر بە کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی و ئایینی دیاریکراوە، لە ئەنجامدا، دادوەران و پۆلیسەکان تاوانباریان بێتاوان کردوە لەبەر ئەوەی گرووپ یان پارتی سیاسی خۆیانن. (کەسێکی نێر، ڕووبەڕوو، کەرکوک، ئابی 2021)

لەحاڵەتی ئەوەی کە کەسێک تۆمەتی نادادپەروەری یان جیاکاری بداتە پاڵ دادگاکان و نەتوانێت بەڵگە بۆ پشتگیریکردن لە بانگەشەکەی دابین بکات، لەوانەیە بەرپرسیار بێت لە هەر تۆمەتێکی یاسایی ئەنجام بدرێت ئەمە بە تایبەتی ڕاستە ئەگەر بەڵگەکە بەردەست نەبێت بۆ پشکنین.

جیاکاری زۆر ئاشکرا و دووبارە نییە، ڕەنگە هەندێک جار ڕوویدات بەڵام زۆر بەرچاو نەبووە. لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە تاکەکانی کۆمەڵگای عێراق هەمیشە پەروەردەکراون کە بیر لە پەیوەندی شەخسی بکەنەوە و زیاتر گرنگی بەم پەیوەندییانە بدەن لە جیاتی جیاوازی ئایینی و مەزهەبی. ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین کە پراکتیزی جیاکاری لە بنکەکانی پۆلیس ڕوودەدات پێویستمان بە بەڵگە دەبێت. بەڵام من دەڵێم هیوادارم پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیس ئەنجام نەدرێت لە جیاتی ئەوە بەشی لێکۆڵینەوەی دادوەری لە دادگاکان دەتوانن بە شێوەیەکی پیشەییانەتر ئەنجامی بدەن(چاوپێکەوتنی کەسی،کەرکوک،ئابی 2021)




| | بەڵێ | نەخێر | تارادەیەک | نازانم |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 246 | 13 | 49 | 11 |
| ڕێژە | 77.11% | 4.07% | 15.36% | 3.45% |

سروشتی ململانێی ئەم ناوچانە جیاوازی و دابەشبوونی نێوان کۆمەڵگاکان زیاتر دەکات، بۆ نمونە، بەرپرسانی دادوەری بەتایبەتی پۆلیس ناسراون کە سەر بە دەسەڵات و حکومەتە جیاوازەکانن [چاوپێکەوتنی کەسی، تلکێف، ئابی 2021) بەم شێوەیە ناکۆکییە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری لەسەر یەکتری هەیە و هاوکات کاریگەریی لەسەر هەلومەرجی ئاشتی و پێکەوەیی کۆمەڵگا هەیە، چونکە هەندێک لەو هێڵە ناسنامەیانە بەستراوەتەوە بە دینامیکی ئەمنی و بەربەرەکانی هێزەوە. بە پێی چاوپێکەوتنەکانیش لە سەرانسەری کۆمەڵگاکان، سەرلێشێواوی بەردەوام لە بڕیاری ئیداری و بۆشایی ئەمنی بەشداری دەکات لە دروست بوونی هەستێکی بەهێزی نادڵنیایی و بە پشتگوێ خستن. بۆ نموونە ئەو دوو وتەیەی خوارەوە، بارودۆخی کاکەییەکان لە حەمدانییە کورت دەکاتەوە

> هەندێک هێڵی جیاکەرەوە هەیە پێی دەوترێت ( الستیر الترابي) بەشە جیاوازەکانی گوندەکە جیا دەکاتەوە. خەڵک نازانن داواکاریەکە بۆ کێ بنێرن. لەڕووی سەربازییەوە ناوچەکەمان بەشێکە لەناحیەی بەردەڕەش بەڵام لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەقەزای حەمدانیە. لە خاکی خۆمان هەست دەکەین ئێمە نامۆین. هەندێک جار، ئەوان داواکەمان ڕەتدەکەنەوە و وەریناگرن. کاتێک داوایەک لە دژی کەسێک هەیە، ئەوا ئەو کەسە داوا دەکات دۆسیەکە بگوازێتەوە بۆ حکومەتێکی تر (بەغدا یان هەولێر). بەم هۆیەوە کێشەکان و پرۆسەکان دوایی نایەت. یەکێک لە کەیسەکان ماوەی سێ ساڵە بەردەوامە و تا ئێستا چارەسەر نەکراوە. (چاوپێکەوتنی کەسی، حەمدانییە، ئابی 2021)

> ئێمە زۆر ئازار دەکێشین کاتێک سەردانی پۆلیس و دادگا دەکەین، تەنانەت بۆ بەڵگەنامە سەرەتاییەکانیش، وەک هاوسەرگیری، لەدایکبوون، یان بڕوانامەی مردن. بۆ هەر ناوچەیەک دوو حکومەت و دوو بەڕێوەبردن هەیە کە دووبارەکردنەوەی پرۆسەکان و پێداویستیەکانن و بارێکی قورسە بەسەر هاوڵاتیاندا تەنانەت لەڕووی ئابووریشەوە. ئەم هێڵە جیاکەرەوەیە ڕێگای نێوان ئێمە و حەمدانییە بڕیوە ئێستا خەڵکەکە ناچارن 06 کم هاتوچۆ بکەن و بە چوار خاڵی پشکنین و ڕێگای بەردیدا تێپەڕن، لەکاتێکدا ڕێگاکە ڕاستەوخۆ و زۆر نزیکە (چاوپێکەوتنی کەسی، حەمدانییە، ئابی 2021)


زۆربەی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکانی کەرکوک تەئکیدیان لەڕۆڵی پۆلیس کردەوە مامەڵکردنی خراپ بە کەیسەکان و ڕاشیان گەیاند کە ڕێگری دەکەن بە پرۆسەی یاسایی خۆیاندا بڕۆن و بەرتیل وەردەگرن.

> ئەفسەرەکان ڕۆڵێکی خراپیان هەیە لە ڕێگریکردن لە گەیشتنی کەیسەکان بە دادگا بە هۆی ئەوەی بەرتیل وەردەگرن یان بە شێوەی نێوانگیری لە نیوان لایەنە ناکۆکەکان کێشەکە چارەسەر دەکەن کە ئەمەش بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە کاریگەری لە کارەکانی دادگاکان دەکات. وەک بیستومانە بووە بە شوێنێکی بازرگانی، کاتێک لە بنکەی پۆلیس مامەڵەیەکت هەبێت، ئەفسەران زەحمەتی دەکەن و هەتا پارە نەدەی، یان تاوانبارت دەکەن و ناچارت دەکەن بەرتیلیان پێ بدەیت [چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئابی 2021]

> بە تایبەتی، بنکەکانی پۆلیس زیاتر لە شوێنی بازرگانی دەچن کە دەبێت پارە بدەیت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانت. (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

> چەندین بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس هەن کە دەستیان هەبووە لە تاوانی گەورەدا، وەک بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و لەشفرۆشی و فرۆشتنی زەوی و بازرگانیکردن بە موڵکی دەوڵەتەوە، بەڵام هیچ کەسێک دادگاییان ناکات (چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

هەندێک لە وەڵامدەرەوەکان پێیان وابوو کە ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستە پۆلیس دەکرێت ناتوانرێت لە دادگاکانیش بکرێت چونکە تا ڕادەیەک سەربەخۆن. لە زاری زۆربەی ئەو کەسانەی بەشداری چاوپێکەوتنەکانن دەردەکەوێت لە ناوچە جێناکۆکانی وەکو حەمدانیە و تەلی کەیف و کەرکوک ئاستەنگە سەرەکیەکانی بەردەم کەرتی دادوەری و سەپاندنی یاسا بریتیە لە دەستێوەردانی لایەنە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکان و هەروەها دۆخی جێناکۆکی ئەو ناوچانە. ئەمەش لە لایەن داتاکانەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە ”دەستێوەردانی لایەنە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکان“ لەلایەن 581 کەس لە وەڵامدەرەوەکان وەک بەربەستی سەرەکی بەردەم کەرتی داد سەیرکراوە و دواتر ”دۆخی جێناکۆکی ئەو ناوچانە“ (051 وەڵامدەر) و ”نەبوونی هۆشیاری هاوڵاتیان لە بواری مافی مرۆڤ لە لایەن (٤٠١ دەڵامدەرەوە) بە بەربەستی بەردەم ئەم کەرتە دانراوە. (بڕوانە شێوەی ٦)




هەروەها دەستێوەردانی لایەنە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکان و هۆزەکان بە بەربەستێک بۆ کارکردنی ئەو کەرتە بە شێوەیەکی گونجاو ناودەبرێت. یەکێک لە بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان ڕایگەیاند کە کێشەکان لە دەرەوەی سیستەمی دادوەری چارەسەر دەکرێن و ئەمەش ڕۆڵی دادگا لاواز دەکات، و دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکان بە نایاسایی چارەسەر بکرێت لە ڕێگەی دەستێوەردانی سیاسی و حزبی و خێڵەکییەوە. یەکێک لەوانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە ئەفسەرێکی پۆلیس بوو، ئەم حاڵەتە تێبینیکراوە لەلایەن گرووپێکی چەکدارەوە پەیوەندی پێوەکرا و داوایان لێکرد ئەو کەیسە بوەستێنن بۆ ئەوەی خۆیان چارەسەری بکەن. یەکێک لە وەڵامدەرەوەکان ئەمەی زیاتر ڕوون کردوەتەوە کە:

> دەستێوەردانەکان دیارترین بەربەستن لەبەردەم دادگاکاندا، هەندێجار کار لەسەر بڕیاری دادوەران دەکەن. بەتایبەتی دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی بەهۆی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە بەدەستیان هێناوە. لەو کەیسانە کەتاوانی قورسن و تاوانبارانیش سەر بەحزبێکی سیاسی بەهێزن ڕاستەوخۆ دەستێوەردان دەکرێن و بە پرۆسە یاساییان نابرێت چاوپێکەوتنی کەسی، کەرکوک، ئابی 2021)

## ژنان و کەرتی دادپەروەری

ئەو توێژینەوانەی کە هەیە لەسەر نەینەوا دەریانخستووە کە ژنان لەپێشینەی تایبەتیان هەیە وەک لە پیاوان بۆ بنیاتنانەوەی نەینەوا و تێگەیشتن لە ناکۆکی و پێکەوەبەستنی کۆمەڵایەتی (یارمەتی کەنیسەی نەرویجی و کڵێسای سوید، 2019). باشتربوونی کوالیتی ژیان لە هەرێمی کوردستان بابەتێکی دووبارەیە لە چاوپێکەوتن و فۆکەس گرووپەکان لەگەڵ بەشداربووانی ژن. بەپێی توێژینەوەیەک

کە لەلایەن پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (٢٠٢٠) ئەنجام دراوە زۆرینەی ژنانی ئاوارەی ئێزدی و مەسیحی بڕوایان وایە ئافرەتان باشتر پارێزراون و دەرفەتی باشتریان هەیە لە کاتی ئاوارەبوونیاندا بەهۆی باشتربوونی میکانیزمەکانی پاراستن و ئاسانکاری خویندن و ڕاهێنانی پیشەیی و دەرفەتی کار.

بە پێی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، جیاکاری لە کەرتی دادپەروەریدا تەنیا بە جیاوازی ئایینی ئیتنیکی نەوەستاوە، بەڵکو جێندەریش کاریگەری هەیە لەسەر گەیشتن بە دادپەروەری (بڕوانە شێوەی 7). ڕێژەی ٪63 بەشداربووان (202 بەشداربوو) پێیانوابوو کە لەکۆمەڵگای خۆیاندا جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەزی لەکەرتی دادوەریدا هەیە تەنها ٪27 (85 بەشداربوو) وەڵامیان دایەوە کە ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ئەمە. بەشداربووانی چاوپێکەوتن و فۆکەس گرووپەکان لە خوارەوە زیاتر گرنگی بە ڕەگەز دەدەن لە کاتی هەڵسەنگاندنی کەرتی دادوەریدا لەو ناوچانەدا.


> ژنان هەست بە سەلامەتی ناکەن لە بنکەکانی پۆلیس، داوای بەرتیلم لێ کرا بۆ کردنەوەی فرۆشگای جلی زۆر بچووک. (بەشداربوویەکی ژن، فۆکەس گرووپ، ئەیلولی 2021)

> چەندین حاڵەتی تەڵاقدان لەنێوان گرووپە ئایینی و ئیتنیەکاندا هەیە چونکە خاکەکە دابەشکراوە، ناوچە هەیە بۆ عەرەب و ئەوانی تر بۆ کورد ئەمە گرفت دروست دەکات، چونکە ژن و مێرد هەریەکەیان حەز دەکەن لە ناوچەی خۆیان بژین. کە ڕازیش نابن جیادەبنەوە و منداڵەکانیان ئاوارە دەکەن. (بەشداربوویەکی ژن، فۆکەس گرووپ، ئەیلولی 2021)

> کاتێک ژنێک داوای جیابوونەوە دەکات، یەکەم شت کە خێزانەکەی پێی دەڵێن ئەوەیە کە دادوەر مافی تەواوی ناداتەوە. (بەشداربوویەکی ژن، فۆکەس گرووپ ، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

> زۆربەی قوربانییەکان ژنن لەحاڵەتی جیابوونەوەد. لە هەمان گوند و هەمان شوێنی نیشتەجێبوون، بەڵام خێزانی ژنەکە لە خەباتن و مێردەکەش لە گوندەکەیە، هەر لایەنێک سکاڵای لەسەر ئەوی تر لە حکومەتێکی جیاواز تۆمار دەکات. ژنەکە لێرە سکاڵای کرد، مێردەکەش لەوێ سکاڵای کرد. (چاوپیکەوتنی کەسی، حەمدانییە، ئابی 2021)

٧- ئایا لە کەرتی داوەریدا جیاکاری و دەستگەیشتن لەسەر بنەمای ڕەگەز (ژن یان پیاو) هەیە؟




| | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
|---|---|---|---|
| سلسلة1 | 202 | 85 | 32 |
| سلسلة2 | 63.32% | 26.65% | 10.03% |

بەربەستەکانی گەیشتنی ژنان بە سیستەمی دادوەری بەهۆی ئەو تێڕوانینە کەلتووری و نەریتییەی کە بۆ ژنان هەیە خراپتر بووە. بە وتەی ئەفسەرێکی پۆلیس، ”کێشەی سەرەکی ئێمە بریتییە لە چاولێکەری گواستنەوەی خوو و نۆرمەکان بۆ ناو خێزانەکان، نەک ڕووبەڕووبوونەوە، ژنان دەترسن لە ترسی تاوانبارکردن یان پێشێلکردنی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە بنکەی پۆلیس نزیک ببنەوە“ بەرپرسانی هەڵبژێردراو بە هەمان شێوە ئاماژە بە ئەم تێڕوانینە دەدەن ، وەک بەشداربوویەکی ژن لە فۆکەس گرووپی کەرکوک رایدەگەیاند:

> ڕۆژێک لەژوورێکی دادوەردا لەدادگای کەرکوک دانیشتم ئێمە باسی مافی ژنانمان دەکرد و من دۆسیەیەکم سەبارەت بە ژنێک هەبوو و لەوێ پارێزەران دانیشتبوون. دادوەرەکە پێی وتم کە ئەوە بەهۆی خراپی ژنانەوە بوو کە ئەبو جەهل کچەکانی زیندەبەچاڵ دەکرد. ئافرەتێک کە مێردەکەی لێیدابوو، دەم و چاوی بریندار بوو، کاتێک زیاتر لە (جارێک) چووبوو بۆ بنکەی پۆلیس بۆ دۆسیەکەی، پێیان ووتبوو کە تۆ ئافرەتیت و شەرمە هەموو ڕۆژێک بێیت بۆ ئێرە. (بەشداربوویەکی ژن، فۆکەس گرووپ، کەرکوک، ئەیلولی 2021)

لە ناوچەکانی دەوروبەری شار گەیشتن بە سیستەمی دادوەری قورسترە بۆ ژنان. بەها خێڵەکییەکان ڕێگرن لە گەیشتنی کەیسەکانیان بە دادگا و پۆلیس و لە کاتێکدا ڕەنگە لە هەموو شوێنێکدا دەزگا

دادوەرییەکان بوونیان هەیە. ژنان ناتوانن پەناگەیەک بدۆزنەوە چونکە ترسیان لە دەستتێوەردانی خزمەکانیان هەیە لە کەیسەکانیاندا. ئەمە تەنها ئەو ژنانە ناگرێتەوە لە لە دۆخی مەترسیدان، بەڵکو ئەو کەسانەش کە کەیسەکانیان چارەسەر دەکەن. ئەمەش لەلایەن پارێزەرێکی ژنەوە باسکراوە کە بەشداری لە یەکێک لە فۆکەس گرووپەکانی کردوە لەشاری کەرکوک لەم ڕوانگەیەوە دیارە کە ژنان دەبنە قوربانی هەردوو کەم و کوڕی دامەزراوەیی و جیاوازی ڕەگەزی.

هەروەها، ئەو ئافرەتانەی کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەیە بێوەژن و تەڵاقدراون، ڕووبەڕووی بەرەنگاری زیاتر دەبنەوە، چونکە لاوازن و تووشی ئیستغلال دەبن. بەشداربوویەکی فۆکەس گرووپەکان کە ژن بوو رایانگەیاند:


> ئەو ژنانەی کە پەیوەندیان کە مێردەکانیان پەیوەندیان بە داعشەوە هەبووە ناتوانن بچنە بنکەکانی پۆلیس چونکە وەک ژنی (داعشی) سەیری دەکەن. [ژنە بەشداربوویەک، فۆکەس گرووپ، موسڵ، ئەیلولی 2021]

> هیچ دەسەڵاتیکی دەوڵەت نییە، خێڵ و گرووپە ئاینییەکان و پارتە سیاسییەکان بە دڵسۆزیانەوەە هەموو حوکمێکن، بۆیە دۆخەکە لە دەشتی نەینەوادا ئاژاوەگێڕیە. [بەشداربوویەکی ژن، فۆکەس گرووپ، موسڵ، ئەیلولی 2021]

هەروەها بەشداربووانی ژن لە راپرسیەکە رایانگەیاندوە کە هەست بە سەلامەت ناکەن لە کاتی سەردان و راپۆرت بۆ دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس (سەیری شێوە 8 و 9 و 10 بکەن). شێوەی 9 نیشانی دەدات کە متمانە و هەستی سەلامەتی لە بنکەکانی پۆلیس کەمترە، ئەم کێشەیە تەنها لە کەرکوک و دەشتی نەینەوا و دۆخی جێناکۆکان ناگرێتەوە بەڵکو کێشەیەکی هاوبەشە لەسەرتاسەری عێراقدا (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، 2019). هەرچۆنێک بێت بوونی دەسەڵاتی جیاواز و ململانێی نێوانیان بۆتە هۆی زیادبوونی لاوازی ژنان بەپێی توێژینەوەیەک کە لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ ئەنجام دراوە، زۆربەی ژنان گوزارشت لە نائاسوودەیی خۆیان دەکەن لەوەی ڕێگە بە ئەندامی مێینەی خێزان بدرێت کە کێشەکانیان بە پۆلیس رابگەیەنن (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ، 2019). وەک زۆرێک لە چاوپێکەوتنکەرەکان ئاماژەیان پێ کرد ئەگەر ئەفسەرێکی پۆلیسی ئافرەتیان هەبوایە گونجاوتر دەبوو کێشەکانیان بگەیەنن بە بنکەکانی پۆلیس. لە نزیکەی 18,000 ئەفسەر کە ئێستا لە ناو پۆلیسی نەینەوادایە، نزیکەی 20 یان ژنن (سەنتەری خەڵکی مەدەنی لە ململانێدا، 2018). ئەو ژنانە بەزۆری بۆ کاروباری بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس دانراون و تەنیا کاتێک دەبینرێن کە کەسایەتییە باڵاکان سەردانی شارەکە بکەن. پێویستە ئەفسەرانی ژن پشکنینی جەستەیی ژنانی مەدەنی بکەن. سەرەڕای وەرگرتنی هەمان ڕاهێنانی


هاوڕێ ئەفسەرەكانیان، بەڵام ژنان لە هێزەكانی پۆلیسی نەینەوا بەشداری لە دەستگیركردن و ئۆپەراسیۆنی گەڕان و پشكنین ناكەن. زیادكردنی بەشداری ژنان لەپۆلیس و ئاسایش ناوچەیەك كە پێویستی بە وەبەرهێنانی درێژخایەن و داكۆكیكردنە لە لایەن ڕێكخراوە ناحكومییەكانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەكان (حەیدەر و پاڵانی، 2021).

### ٨- پێتوایە ژنان هەست بە سەلامەتی و دڵنیایی دەكەن لەكاتی سەردانی دادگاكان؟





| | زۆر كەم | كەم | مامناوەند | زۆر | زۆر زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | 16.61% | 32.60% | 34.17% | 13.16% | 3.45% |
| ژمارە | 53 | 104 | 109 | 42 | 11 |

### ٩- پێتوایە ژنان هەست بە سەلامەتی و دڵنیایی دەكەن لەكاتی سەردانی بنكەكانی پۆلیس؟




| | زۆر كەم | كەم | مامناوەند | زۆر | زۆر زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | 25.07% | 38.25% | 27.59% | 8.15% | 0.90% |
| ژمارە | 80 | 122 | 88 | 26 | 3 |





## نەخشەی یەکتربڕی (١)

| تا چی ئاستێک هەست بە سەلامەتی دەکەیت کاتێک راپۆرت بە دادگاکان یان پۆلیس دەدەی | رەگەز | | |
|---|---|---|---|
| | دیاری نەکراو | پیاو | ئافرەت |
| زۆر نزم | ٣ | ٢١ | ١٤ |
| | ٪٤٢،٨٥ | ٪١١،٢٩ | ٪١١،١١ |
| نزم | ، | ٥٣ | ٤٤ |
| | ٪، | ٪٢٨،٤٩ | ٪٣٤،٩٢ |
| مامناوەند | ١ | ٦٦ | ٤٠ |
| | ٪١٤،٢٨ | ٪٣٥،٤٨ | ٪٣١،٧٤ |
| بەرز | ٣ | ٣٨ | ٢٧ |
| | ٪٤٢،٨٥ | ٪٢،٤٣ | ٪٢١،٤٢ |
| زۆر بەرز | ٠ | ٨ | ١ |
| | ٪٠ | ٪٤،٣ | ٪٠،٨ |
| کۆی گشتی | ٧ | ١٨٦ | ١٢٦ |
| | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ |

بۆ خستنەڕووی جیاوازی نێوان ئاستەکانی متمانەپێدانی پیاوان و ژنان بە دادگاکان و پۆلیس، بەپێی ئەو بنەمایە داتاکان جیاکراونەتەوە، وەک دەبینین لە خشتەی کرۆس (1) دا، تەنیا جیاوازییەکی کەم هەیە لە نێوان بەشداربووانی نێر و مێ، تەنها جیاوازییەکی کەم بە نزیکەی 5٪ بۆ وەڵامدەرانی ژن و پیاو دەبینرێت کە راپۆرتیانداوە کە هەست بە سەلامەتی ناکەن لەم دەزگایانەدا،


## پێوانەکردنی متمانە لە کەرتی داد

شێوەی 11 دەریدەخات کە 35٪ ی بەشداربووان وەڵامیان داوەتەوە کە ئاستی متمانەیان بە کەرتی دادوەری (ئەفسەرانی پۆلیس، لێکۆڵەرەوانی داد، دادوەرەکان) ”نزمە“ 14٪ وەڵامی ”زۆر نزم“ یان داوەتەوە و 34٪ (100) یان ئاستی متمانەیان مامناوەندە، وەڵامدەرەوەکان کاتێک پرسیاریان لێکراوە بۆچی خەڵک متمانەیان بەدادگا نییە بۆ پاراستنی مافەکانیان، گەندەڵی و نێپۆتیزم بەهۆکاری سەرەکی (46٪) ناونرا و دواتر ”یاسا وەک پێویست جێبەجێ ناکرێت“ (28٪) و ”لەبەرچاونەگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ“ (15٪) ئەم دەرەنجامانە هاوچەشن لەگەڵ دۆزینەوەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و پەیمانگای ئەمریکی بۆ ئاشتی (2019)،




زۆرینەی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە رایانگەیاندوە کە لەکاتی سەردانیکردنی دامودەزگا حکومییەکان و بەتایبەتی دادگاکان، کاروبارەکان زۆر بە هێواشی بەرێوە دەچێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندی کەسیت هەبێت لەناو دامەزراوەکە یان سەر بە لایەنێک بێت، ئەوا پێویستیەکانت


بە خێرایی چارەسەر دەبێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە خەڵک متمانەی بەم دەزگایانە نییە کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن




ئەم داتایە کێشەی بنەڕەتی نەبوونی متمانە لە نێوان هاوڵاتیان و کەرتی دادوەری بەرجەستە دەکات، ئەم ئاستە بەرزە لە بێ متمانەیی پێویستە پلە بەرزەکانی بەرپرسان و خاوەن دەسەڵاتەکان ئاراستە بکات بۆ کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئەم بۆشاییە بە دڵنیابوون لە ڕەزامەندی گشتی و متمانەپێدان و لە کۆتاییدا دروستکردنی شەرعیەت، هەروەها داتاکان ئەوە پیشاندەدەن ئکە 34% (107 وەڵامدەر) هەستیان بەوە کردووە کە ئاستی لێپرسینەوەکە "نزمە" و 10% (32 بەشداربوو) پێیان وابوو کە ئاستی لێپرسینەوەی دامەزراوەکانی کەرتی دادوەری بۆ خەڵک زۆر نزمە (شێوەی 13)، لە وەڵامدەرەوەکان، 35% (113 وەڵامدەر) پێیان وابوو کە ئاستی متمانەی "مامناوەند" هەیە، لەگەڵ 14% (44 وەڵامدەر) بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئاستی "بەرز" و 7% (23 وەڵامدەر) متمانەی زۆر بەرزیان هەیە، لە چاوپێکەوتنە کەسیەکانیش ئاستی بەرزی بێ متمانەیی بەرامبەر بە گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان ئاماژەی پێدراوە، چونکە بە دەگمەن ڕووبەڕووی لێپرسینەوە لە کردەوە توندوتیژیەکانیان دەبنەوە و پارێزبەندی کارکردنیان لە دەرەوەی یاسا هەیە، بەشداربووانی فۆکەس گرووپەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێیەوە دەریانبڕیوە کە پێشێلکارییە دەستوورییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بێ لێپرسینەوە ڕوودەدەن [فۆکەس گرووپ، ڕووبەڕوو، موسڵ، ئەیلولی 2021] بە وتەی نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆیی لەناو فۆکەس گرووپەکاندا، ئەو ئیستغلالکردنەی کە لەلایەن کارمەندانی ئاسایشەوە ئەنجام دەدرێت بێ لێپرسینەوە کێشەی سەرەکین لە پەیوەست بە


جێگیربـوون و بارودۆخـی جێناکۆکـی ئـەم ناوچانـە و ململانێیـی نێـوان لایەنـەکان لـە بـە سیاسـی و سـەربازیکردنی کەرتـی دادوەری،

> کارمەنـدی پۆلیـس هەرگیـز گلەیـی ئەوەیـان نەکـردووە کـە کەسـێک مافیانـی پێشـێل کـردووە، بـەڵام ئـەم ڕۆژانە زۆرجار دێن و ڕاپۆرتی دەستدرێژیی گرووپە چەکدارەکان دەدەن، (بەشـداربوویەکی پیـاو، فۆکـەس گـرووپ، موسـڵ، ئەیلولـی 2021)




هەروەهـا بەشـداربووانی ڕاپرسـییەکە پێیانوایـە کـە ڕێزگرتـن لـە مافەکانـی مـرۆڤ لـە کەرتـی دادوەریدا "نـزم" و "23٪" و "زۆر نزمـە" (71٪) (شـێوەی 41)، هەروەهـا 73٪ (711 وەڵامـدەر) پێیانوابوو کـە ئاسـتی مامناوەنـدی ڕێزگرتـن هەیـە لـە مافەکانـی مـرۆڤ، نیـوەی بەشـداربووان ڕایانگەیاند کـە مافی مـرۆڤ نـە لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە و نـە لـە دادگایکردنـدا ڕەچـاو نەکـراوە، لـە کاتێکـدا ژمارەیەکـی کـەم لـە وەڵامـدەرەکان پێیانوابـوو کـە مافـی مـرۆڤ لـە دادگاکان لـە بەرچـاو دەگیرێـن، بـەڵام زۆرینەیـان بـە پێچەوانـەوە بیردەکنـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا، کەمێـک زیاتـر لـە سـێ یـەک (45،53٪) ی وەڵامدەرەوەکانـی ڕاپرسـی لـەو بـاوەڕەدان کـە تـا ڕادەیەکـی مامناوەنـد کار بـە چەمکەکانـی مافـی مـرۆڤ دەکرێـت لـە کەرتـی دادوەریدا بـە تایبەتـی بـە درێژایـی پرۆسـەی لێکۆڵینـەوە و دادگاییکردنـدا ، ئەمـە دەریدەخـات کـە سـەرەڕای کێشـە زۆرەکانـی کەرتەکـە، هەندێـک لـە تاکـەکان هێشـتا بۆچوونـی باشـیان هەیـە لەسـەری،

١٤- ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەکەرتی دادپەروەریدا لە چی ئاستێکدایە، وەکو دادگایەکی دادپەروەرانە، ئاشکرایی و خێرایی دادگا و بەکارنەهێنانی ئەشکەنجە بۆ دانپێدانان... هتد؟




| | زۆر کەم | کەم | مامناوەند | زۆر | زۆر زۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | 17.24% | 32.30% | 36.67% | 9.71% | 4.07% |
| ژمارە | 55 | 103 | 117 | 31 | 13 |

## ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی عێراق

- خەڵـک و دەسـەڵاتدارانی خۆجێـی داوای پشـتگیری زیاتـر دەکـەن لـە بەغـداوە، بەتایبەتـی بـۆ پشـتگیریکردنی کەرتـی دادوەری و دادگاکان بـۆ ئـەوەی بەتوانـا و سـەربەخۆبن، پێویسـتە حکومەتـی عێـراق پابەنـد بێـت بـە سـەربەخۆیی کەرتـی دادوەری لەسەرانسـەری ناوچـە جێناکۆکـەکان ئەمـەش نـەک هـەر دەبێتـە هـۆی گەرەنتـی و پاراسـتنی مافەکانـی مـرۆڤ، بەڵکـو دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بەشداری بـکات لـە دروسـتکردنی متمانـەی کۆمەڵـگا خۆجێیـەکان بـە حکومەتـی عێـراق بـە گشـتی و کەرتـی دادوەری بەتایبەتـی کـە چەنـد ساڵێکە لاوازە لـە دوای شکسـتهێنانی داعش، سـەرەڕای ئـەوەش سـەربەخۆیی کەرتـی دادوەری دەرفەتێـک دەڕەخسـێنێت بـۆ کەمکردنـەوەی هەسـتی جیـاکاری لەسـەر بنەمـای ناسـنامە و نوێکردنـەوەی متمانـە و پەیوەندییەکانـی نێـوان پێکهاتـەکان،

- حکومەتـی عێـراق دڵنیـا بێـت لـە ناوچـە جێناکۆکەکان پۆلیسـی فیدراڵی گشـتگیر و لە هەمـوو گرووپەکان بێـت بـە ئاسـتە باڵاکانیشـەوە، ئـەم ناوچانـە دەبـێ لەلایـەن هێزێکـی ئەمنـی و پۆلیسـی هەمەجـۆرەوە بپارێزرێت کـە ڕەنگدانـەوەی فرەیـی ئایینـی و ئیتنیکـی بێـت، پلـە بـاڵاکان لـە پۆلیسـی فیدراڵـی پێویسـتە بەردەسـت بـن بـۆ هەمـووان بـە مەرجێـک کـە داواکارییەکانـی لێهاتوویـی پیشـەیی جێبەجـێ بکرێـت، گرتنەبـەری ئـەم جـۆرە ڕێوشـوێنانە دەبێتـە هـۆی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی متمانـە بـە پۆلیـس و یارمەتیـدان لـە کەمکردنـەوەی تـرس و گـرژی لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵـگا

- گرنـگ و پێویسـتە حکومەتـی عێـراق و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چارەسـەرێکی یەکجـاری پێشـکەش بکـەن بـۆ ڕاگواسـتنی گرووپـە کەمینـەکان لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان

- هاوڵاتیانـی ناوچـە جێناکۆکـەکان پێویسـتیان بـە دڵنیایـی هەیـە سـەبارەت بـە داهاتووی دۆخـی ئیدارە و ناوچەکانیـان، وەک جێبەجێکردنـی ماددەی 140 ئەمـە تەنیـا کاتێـک بـەدی دێـت کـە ڕێکەوتنێـک لەنێوان بەغدا و هەولێردا هەبێت، قەرەبووکردنـەوەی ئـەو کەسـانەی کـە قوربانـی سیاسـەتی دوورخسـتنەوەی ڕژێمـی بەعـس بـوون هەنگاوێکـە بـۆ دروسـتکردنی متمانـە لەنـاو و نێوان کۆمەڵگاکانـدا،

**ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

- پەیوەندییەکانـی هەولێر و بەغدا وەک کلیلـی جێبەجێکردنـی یاسـا و ئەرکـی کەرتـی دادوەری لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان دەبینرێـت هەماهەنگـی لەهەمـوو ئاسـتەکاندا گرنگـە بەتایبەتـی لـە ناوچـە جێناکۆکەکانـی وەک کەرکـوک

- زۆر پێشنیار دەکرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان ناکۆکییە سیاسییەکان و کاری پۆلیس و دادگاکان

- چارەسەرکردنی کۆسپەکانی بەردەم کەرتی داد لەناوچە جێناکۆکەکان پێویستی بەئامادەبونی هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ململانێ درێژخایەنەکانیان لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و هەروەها پابەندبوون بە ئامرازە یاساییە بەرپرسیارەکان،لە کاتێکدا ئەمانە ئامانجی درێژخایەنن، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا هەردوو حکومەت دەتوانن کار لەسەر دابینکردنی ڕێکارە هاوبەشەکان و ئەنجامدانیان بکەن لە دامەزراوە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان

**ڕاسپاردەکان بۆ ئەکتەرەنێودەوڵەتییەکان**

• بوونی هێزە ئەمنیە جۆراوجۆرەکان هەوڵەکانی دروستکردنی ئاشتی لاواز دەکات کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش ئاریشە سەرەکیەکە دیاری دەکات: ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان پێویستە مامەڵە لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکان بکەن، بە ئەکتەرە ئەمنییەکانیشەوە، بەڵام ئەوان بەربەستێکی سەرەکین بۆ بەرزکردنەوەی دەستپێشخەریەکان لە ئاستی ناوخۆدا،

• هاوتەریب لەگەڵ هەوڵەکانی پەرەپێدان و بنیاتنانی ئاشتی، ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان دەبێت داکۆکی لە ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی بکات بۆ یەکخستنی بەڕێوبەرایەتی یاسایی و ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکان، بوونی هێزە ئەمنیە جیاواز و دژ یەک لە کارنامە و ئاسایشیان، پێوانە نەرمەکانی دروستکردنی ئاشتی لاواز دەکات کە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانەوە لە ماوەی کورت و درێژدا جێبەجێ دەکرێن،

• زامنکردنی نوێنەرایەتی سیاسی بۆ پێکهاتە جیاوازەکان بەتایبەتی گرووپە پەراوێزخراوەکان، وەک ژنان، دەبێت وەک تەوەرێکی سەرەکی دەستپێشخەرییەکاکی ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتییەکان بمێنێتەوە،

• پێویستە ئەفسەرانی پۆلیسی ناوخۆ و ئەندامانی دادگاکان بە پێوەرە گشتییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتنی جیاکاری ڕاهێنانیان پێبکرێت

**ڕاسپاردەکان بۆ حکومەتە خۆجێیەکان**

• بەهێزکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بۆ داکۆکیکردن لە ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی کە دەبێتە هۆی یەکخستنی ئیداریی و ئەمنی لە کەرکوک و حەمدانیە و تەلی کەیف و لابردنی بەربەستەکان لەبەردەم ئازادی جوڵان،

## لیستی سەرچاوەکان


- Abdullah, F، H، (2018)، PUK–KDP Conflict: Future Kurdish Status in Kirkuk، Jadavpur Journal of International Relations, 22(2), 107-126،

- Ali, O، (2017)، Kirkuk, Iraq’s Next War: What Options Does Turkey Have? Insight Turkey, 19(4), 29-42،

- Bell, J، (2005) Doing Your Research Project، Open University Press/ McGraw-Hill Education،

- Center for Civilians in Conflict، (2018)، Mosul: Civilian Protection Challenges Post-ISIS، https://civiliansinconflict،org/wpcontent/uploads/2018/05/FINAL_MosulCIVProtectChallengesMay2018-1،pdf

- Bet-Shlimon, Arbella،(2012)، Group identities, oil, and the local political domain in Kirkuk: a historical perspective، Journal of Urban History, 38(5), pp،914-931،

- Creswell, J، W،, & Clark, V، L، P، (2017)، Designing and conducting mixed methods research، Sage publication،

- Gaston, E، (2017)، Iraq after ISIL: Qaraqosh, Hamdaniya District، Global Public Policy Institute، https://www،gppi،net/2017/08/05/iraq-after-isil-qaraqosh-hamdaniya-district

- Hanish, S، (2010)، The Kirkuk problem and article 140 of the Iraqi constitution، Digest of Middle East Studies, 19(1), 15-25،

- International Crisis Group (2018)، Reviving UN Mediation on Iraq’s Disputed Internal Boundaries، https://www،jstor،org/stable/resrep31480،6

- International Crisis Group (2020)، Iraq: Fixing Security in Kirkuk، Middle East Report N°215, 15 June 2020،

- Johansen, H،, Palani, K،, & Ala’Aldeen, D، (2020)، Ninewa Plains and Western Ninewa: Barriers to Return and Community Resilience: A Meta-analysis of Existing Studies and Literature، (Middle East Research Institute)، http://www،meri-k،org/publication/ninewa-plains-and-western-ninewa-barriers-to-return-and-community-resilience-2/

- Meier, D، (2020)، ‘Disputed territories’ in northern Iraq: The frontiering of inbetween spaces، Mediterranean Politics, 25(3), 351-371,

- Mironova, V، (2020) Iraq’s Broken Justice System for Islamic State Fighters، https://www،lawfareblog،com/iraqs-broken-justice-system-islamic-state-fighters

- Morris, S،, Wirya, K،, & Ala’Aldeen, D، (2015)، The Future of Kirkuk: A Roadmap for Resolving the Status of the Governorate، http://www،meri-k،org/wp-content/uploads/2015/09/The-Future-of-Kirkuk-A-Roadmap-for-Resolving-the-Status-of-the-Province-English،pdf

- Norwegian Church Aid & Church of Sweden، (2019)، Social Cohesion in Ninewa – An Assessment، https://www،kirkensnodhjelp،no/globalassets/lanserte-rapporter/2019/2019-social-cohesion-studie-rapport-finalfinal-webversion،pdf

- O’Driscoll, D، (2019)، Building everyday peace in Kirkuk, Iraq: The potential of locally focused interventions، SIPRI Policy Paper (52)،

- Palani, K، (2021)، Iran-backed PMF are destabilising Iraq’s disputed regions، Al Jazeera، https://www،aljazeera،com/opinions/2021/5/8/iran-backed-PMF-are-destabilising-iraqs-disputed-regions

- Palani, K،, Khidir, J،, Dechesne, M،, & Bakker, E، (2019)، The development of Kurdistan’s de facto statehood: Kurdistan’s September 2017 referendum for independence، Third World Quarterly, 40(12), 2270-2288،

- Salloum, S، (2020)، Barriers to return for ethno-religious minorities in Iraq، IOM،

- Sarantakos, S، (2013)، Social Research، Macmillan،

- Shanks, K، (2013)، Education as an ethnic defense strategy: the case of the Iraqi disputed territories، [PhD Dissertation, published]، University of Exeter،

- Skelton, M،, & Saleem, Z، A، (2019)، Iraq’s Disputed Internal Boundaries after ISIS: Heterogeneous Actors Vying for Influence، https://eprints،lse،ac،uk/100100/3/DIBsReport،pdf

- Social Inquiry and the United States Institute of Peace، (2021)، Conflict and Stabilation Monitoring Framework Round 1, 2 & 3، https://www،social-inquiry،org/reports-1/2021/3/25/conflict-and-stabilization-monitoring-framework-for-ninewa

- Social Inquiry، (2018)، Ideas are More Dangerous than Deeds: Street-level Perspectives of Violent Extremism in Ninewa Governorate, Iraq، https://www،social-inquiry،org/reports-1/2019/1/31/ideas-are-more-dangerous-than-deeds-street-level-perspectives-of-violent-extremism-in-Ninewa-governorate-iraq

- United States Institute for Peace، (2020)، Conflict and Stabilization Monitoring Framework Project، https://www،usip،org/sites/default/files/USIP-Conflict-and-Stabilization-Monitoring-Frame¬work-Project،pdf

- United Nations Assistance Mission for Iraq (NUAMI)(2020)، Human Rights in the Administration of Justice in Iraq: Trials under the anti-terrorism laws and implications for justice, accountability and social cohesion in the aftermath of ISIL، Office of the United Nations High Commissioner for Human Rights، Baghdad

## - بۆ پەیوەندی کردن

- ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی
- هەولێر – عێراق
- فلکەی زراعە
- ئیمەیڵ : pfo@pfo-ku،org
- تەلەفۆن : +9647707600575
- وێبسایت : http://pfo-ku،org
- پەیجی فەیس بووك : https://www،facebook،com/Peace-and-Freedom-/Organiza- tion-PFO-484637138366425